ئازادیی کۆمەڵگە
FREEDOM OF SOCIETY

ژمارە (٥١) پاییز (٢٠٢٦)

سیاسیـــــــة، اجتماعیة فصلیة

گۆڤارێکی هـزری، سیاسـی، جڤاکیی، وەرزییە




## کۆمین بنچینەی کۆمەڵایەتیی مۆدێرنیتەی دیموکراتییە

جەمیل بایک



## بۆکچین و ئۆجالان: دیالەکتیکی دیموکراسیی

جەنێت بیڵ



## ڕۆژئاوای کورستان: لە بەرداشی دەوڵەت - نەتەوەی بەعسەوە بۆ ئاسۆی ژیانی کۆمۆناڵ

گفتوگۆ لەگەڵ ئاهین عەلی

## هزرینی ئۆجالان: پێواژۆی بەکۆمەڵگەکردنەوەی کۆمەڵگە

وریا ئەحمەد

## سرووشت وەک بنەچەی ئەخلاق

پیتەر کرۆپۆتکین

## شکستی حوکمرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسۆی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک

سیڤان سەعید




## شەهیدانی حەلەب

# هیوا لە سەرکەوتن بەهادارترە

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ڕاوەستە لـەسەر دەربڕینی ئـەو هیوا نوێیە دەکـات.


گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە

ژمارە ٥١ پاییز ٢٠٢٦




شەهیدان:

زیاد حەلەب

دەنیز چیا

ڕۆژبین ئامارا

دلبرین قامیشلۆ

هاوار قەندیل

فەراشین عەفرین

**بەشداران**

جەمیل بایک

وریا ئەحمەد

شێروان ئیبراهیم

عەلی ئەحمەد

هەیفا کەمال

هێمن کاکە

ئازادە ڕەحمانیی

دەشتی مەحموود

سوورێن ئیبراهیم

هەردی دولبەر

**دیزاین**

گۆران پێنجوێنی

**چاپخانە**

چاپخانەی کارۆ

**تیراژ**

٥٠٠دانە

**نرخ**

٣٠٠٠دینار

**ساڵی چاپ**

پاییز ٢٠٢٦

**٥١**



**دەستەی نووسەران:**

نەجیبە قەرەداخی

پ.د. سالار باسیرە

https://komelge.com

**خاوەن ئیمتیاز**

د. محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

**سەرنووسەر**

گۆران عەلی

**ڕاوێژکاری یاسایی**

ئەحمەد باجەڵانی

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (١١١) ١٦-١١-٢٠١٥ تۆمارکراوە.

azadikomelge@hotmail.com

# پێڕست

پێشەکی ........ ٧

کۆمین؛ بنچینەی کۆمەڵایەتیی مۆدێرنیتەی دیموکراتییە

جەمیل بایك ........ ٩

هزریی ئۆجالان؛ پێواژۆی بەکۆمەڵگەکردنەوەی کۆمەڵگە

وریا ئەحمەد ........ ٣١

سرووشت وەك بنەچەی ئەخلاق

پیتەر کرۆپۆتکین ........ ٧٧

لە تاکگەرایی لیبراڵەوە بۆ کۆمەڵگەی کۆمۆناڵ

عەلی ئەحمەد ........ ١٠٩

پاراستنی جەوهەری، بنەمای ناسنامەی ئازادە

زەینەب یەشیل ........ ١٦٥

بۆکچین و ئۆجالان؛ دیالەکتیکی دیموکراسیی

جەنێت بیلٚ ........ ١٩٧

سەبارەت بە ڕەگەتۆڕ، فەزای تەخت، ماشێنە جەنگییەکان و میدیای نوێ

ڤێرینا ئەندرمات ........ ٢٢٣

شکستی حوکمڕانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسۆی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیك

سیڤان سەعید ........ ٢٥١

ڕۆژئاوای کورستان؛ لە بەرداشی دەوڵەت – نەتەوەی بەعسەوە بۆ ئاسۆی ژیانی کۆمۆناڵ

گفتوگۆی ئازادیی کۆمەڵگە لەگەڵ ئاهین عەلی ........ ٢٨٩

ئەو کوڕەی نایەوێت ببێتە پاشا!

سوورێن ئیبراهیم ........ ٣١٥

ڕانانی پەرتووکی مانیفیستۆی ئاشتیی و کۆمەڵگەی دیموکراتیی

هەردی دولبەر ........ ٣٤٣

FREEDOM OF SOCIETY

## پێشەکی:

دەسەڵاتە ناوەندییە کلاسیکییە، ناکۆمەڵگەیی و باوکسالارییەکان، لەسەر لێواری خەرەندێکن، چونکە شتێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەری دەرهێناوەتەوە، شتێک کە لانیکەم لە سەد ساڵەی قەسابخانەی دەوڵەت-نەتەوەدا هەمیشە لابراوە: کۆمەڵگە. کۆمەڵگە بەپێی ڕاستینەی خۆی و چاندەکەی، تا دێت ناپێویستبوونی پەرگاڵە ناکۆمەڵایەتییە دەسەڵاتگەرەکانی لا ڕوون دەبێتەوە.

هەر ئەمەش پێش کردە و جووڵە، پێویستیی بە وەڵامێکی تیۆریی و دارشتنەوەیەکی تری سیاسیی و کۆمەڵایەتییە وەک نەخشەڕێی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە بەرانبەر هەرسێ ئەسپسوارە مەحشەرییەکە: سەرمایەداریی و پیشەسازگەرایی و دەوڵەت-نەتەوە.

لەم گێژاوەدا، ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان لە پێواژۆی خەباتی سەدساڵەی سۆسیالیزمدا، سەرچڵییەکی تیۆریی دەکات؛ ئەو وەک هەڵهێنانی مەتەڵی ستەمکاریی، بە گوێی کۆمەڵگەدا دەچرپێنێت: «تێکڕای مێژووی مرۆڤایەتیی، بریتییە لە ململانێی نێوان کۆمۆن و دەوڵەت». شەڕی چینێکی سەردەست و زۆرینە لەگەڵ جڤاکە هەمەچەشنە چەوسێنراوەکەی کۆمەڵگە.

ئەم ژمارەیەی «ئازادیی کۆمەڵگە» ئاوڕدانەوەیەکی هەمەلایەنەیە بۆ ململانێی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵاتە چەپۆکسالارەکانی دەوڵەت و سەردەستەکان، کە تێیدا ڕێگەی ڕزگاریی بە ئازادیی ژن و ئەنتیگراسیۆنی دیموکراتیک دەستەبەر دەکرێت. ژمارەکە بە خوێندنەوەیەکی بنکۆڵئاسا و هەمەلایەنەی کۆمین وەک وەڵامی دەسەڵاتگەریی کەمینەی دەوڵەتەوە دەست پێ دەکات و تا ڕوانگەی چارەسەرسازی کۆمۆناڵ و ڕۆڵی میدیا و ئەگەری ڕزگاریی لە تۆڕەکانی چاودێریی دەسەڵات درێژ دەبێتەوە. هەروەتر، هەوڵی دروستکردنی گفتوگۆ لەگەڵ پێشەنگانی ئەنارشیست دەدات و بە خوێندنەوەیەکی گشتگیر بۆ دوامانیفێستۆی ڕێبەر ئۆجالان، ئاسۆی بەرجەستەکردنەوەی سیاسەتی کۆمۆناڵ لە ڕۆژئاوای کوردستان دەخاتە ڕوو.



# له تاکگەرایی لیبراڵەوە بۆ
# کۆمەڵگەی کۆمۆناڵ

عەلی ئەحمەد

## پێشەکیی

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی لە سەدەی بیستەمدا بە ئەزموونی سێ ئایدیۆلۆژیای سیاسیی بنەڕەتییدا تێپەڕی، ئەوانەش: لیبراڵیزم، کۆمۆنیزم و فاشیزم. ئەمانەش چەندین بزووتنەوە و ڕەوتی ئایدیۆلۆژییان لێ کەوتەوە، لەوانە کۆنزەرڤاتیزم، چەپڕەو، ڕاستڕەو، دەسەڵاتخوازیی، نەریتگەرایی، سۆسیالیزم و هتد... فاشیزم درەنگتر لەوانی دیکە لە ئەورووپا سەری هەڵدا و بەر لە هەموو ئەوانەش لەناو چوو. لیبڕاڵیزم یەکەم ئایدۆلۆژیای سیاسیی بوو کە لە سەدەی هەژدەیەمدا سەری هەڵدا و لە کۆتاییدا پاش ململانێیەکی مێژوویی بەسەر هەردوو ئایدیۆلۆژیاکەی دیکە و فۆرمەکانیاندا زاڵ بوو.ساڵی ١٩٩١ لیبڕاڵیزم، کە نوێنەرایەتیی سیستەمی سەرمایەداریی دەکرد، پاش نیو سەدە لە ململانێ بە سەر سۆسیالیزمی واقیعیی (ڕیاڵ سۆسیالیزم)دا سەرکەوت، کە ئاوابوونی خۆری کۆمۆنیزمی جیهانیی لێ کەوتەوە. ئیدی لە هەموو لایەکەوە جاڕی «کۆتایی ئایدیۆلۆژیاکان» درا و فرانسیس فۆکایاما ئەمەی بە «کۆتایی مێژوو» ناو برد. ئەمڕۆکە لیبراڵیزم پێگەیەکی هەژموونیی لە جیهاندا گرتووە و بووەتە جۆرێک لە «ئەقڵی باو/هاوبەش» (common sense)ی مۆدێرنیتە. ئێستا ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە زمان و چەمکی تایبەت بە خۆی هەیە؛ تاکگەراییانەن و لە موڵکایەتیی تایبەتدا ڕەگیان داکوتاوە. لە بەرانبەریشدا، وەک دەیڤید هارڤی دەبێژێ، «زۆربەی چەمکە

هەبووەکان لە ئاڵنگارییی لۆژیکی لیبڕاڵی هەژموونگەر و بازاڕی نیۆلیبراڵ، یان شێوازە نیۆلیبراڵییەکانی یاسا باڵادەستەکانی سیاسەتی گشتییدا شکست دەهێنن»(i). ئێمە هێشتا لە جیهانێکدا دەژین کە تێیدا مافی موڵکایەتیی تایبەت و خواستی ئاگرین بۆ قازانج و کەڵەکەکردنی سەرمایە لە هەر چەمکێکی دیکەی ماف دەباتەوە. ڕێبەر ئۆجالانیش لەو بارەیەوە دەبێژێ: لە مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییدا هەوڵ دەدرێت ئەوە لە هزردا بنەخشرێت کە دواگوتە گوتراوە، دامودەزگا لیبراڵەکان ئەڵتەرناتیڤیان نییە و تەنانەت گەیشتووینەتە «کۆتایی مێژوو»... [بەڵام] ئەم ڕەوانبێژییە سیاسیی و ئایدیۆلۆژییە بە شێوەیەکی ژیانیی بۆ ناوەند و چاوگەکانی دەسەڵات و قۆستنەوە پێویستە(ii).

کەواتە لیبراڵیزم خۆی چییە وا توانیویەتی ئایدیۆلۆژیاکانی دیکە ببەزێنێت؟ پەیوەندیی بە سەروەریی دەسەڵاتەوە چییە؟ چەمکە بنەڕەتییەکانی کامانەن؟ دەردەنیشانەکانی سایکۆلۆژیای سوبێکتی لیبراڵ چین؟ کۆمەڵگەی کوردیی لە کوێی ئەم ئایدیۆلۆژیایەدایە؟ ئایا ئێمەش لیبراڵ داگەڕاوین؟ ئایا بە ئایدیۆلۆژیایەکی خراپ و مەترسیدار بۆ کۆمەڵگەی کوردیی ناوی ببەین، یان ئێمەش دەتوانین لەگەڵی هەڵ بکەین و بۆ چوونە ناو سیستەمیی جیهانیی

(i)Дэвид Харви. Социальная справедливость и город / перевод с английского Е. Ю. Герасимовой. — М.: Новое литературное обозрение, 2018. С. 399.

(ii) عەبدوڵڵا ئۆجالان، مانیفیستۆی شارستانییەتی دیموکراتیک. بەرگی یەکەم. شارستانییەت. وەرگێڕانی لە تورکییەوە: لوقمان عەبدوڵڵا. چاپی چوارەم، ٢٠٢٣، ل. ٨٦.

و ئەوەی پێی دەڵێن جیهانگیریی، خۆمانی لەگەڵ بگونجێنین؟ ئایا مۆدێلێکی دیکەی کۆمەڵایەتیی، سیاسیی و ئابووریی کۆمەڵگە هەیە کە بتوانێت ڕێگریی لەم ئایدیۆلۆژیایە بکات و وەڵامی خواستە ژیانییەکانی تاک و کۆمەڵگە بداتەوە؟ ئەگەر ئەم مۆدێلە کۆمۆن (کۆمونالْ) بێت، دەتوانین بەرگریی لە زمان و چەمکەکانی بکەین؟ ئێمە لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە؟

## سەرهەڵدانی لیبراڵیزم وەک ئایدیۆلۆژیای سەرمایەداریی – بۆرژوازیی

وشەکانی «لیبراڵ» (liberal) و «لیبێرتی» (liberty) لە زارەوەی لاتینیی (liber)ـەوە وەرگیراون کە بە واتای «ئازاد» (free) دێت. لیبراڵ تا سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم نەچووە ناو ئەدەبیاتی سیاسییەوە، بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر لیبێرتی بە شێوەیەکی باڵکێش وەک زاراوەیەکی سیاسیی بەکار هات. پێش سەدەی نۆزدەیەم وشەی «لیبراڵ» بە شێوەیەکی باو بە واتای «بەخشندە» یان «لێبووردە» بەکار دەهێنرا. دواتر لە ڕێگەی درێژکراوەی ئەم بەکارهێنانە باوەوە، «لیبراڵ» زیاتر ئاماژە بوو بۆ هەڵوێست یان دیدێکی سیاسیی. سەرهەڵدانی بیرۆکەکانی لیبراڵ لە قۆناغی فیۆداڵیزمی ئەورووپادا دەکرێت وەک سەرهەڵدانی بیرۆکەی شۆڕشگێڕیی بەهێز هەژمار بکرێت، بەو پێیەی لیبراڵەکان بە ناوی «مافی سرووشتیی» و «مافی مرۆڤ»ـەوە، لە دژی ئەو نەزمە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئایینییانەی کە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە مابوونەوە، تێکۆشانیان بۆ ئازادیی تاکەکەسیی

دەکرد. لایەنێکی باڵکێشی ئەم خەباتە، هەوڵدان بوو بۆ ئازادیی ئابووریی. ئیدی دوای هەڵوەشاندنەوەی فیۆدالیزم، وردەوردە لیبرالیزم وەک ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسیی مۆدێرنە لە ئەورووپا شێوەگیر بوو. لێکۆڵەران دیدگا و ڕوونکردنەوەی جیاوازیان لەمەڕ سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی پێشکەش کردووە. ڕوانگەیەک کە لە نێو مارکسیست و سۆسیالیستەکاندا باوە، ئەوەیە کە لیبراڵیزم دووانەی سەرمایەدارییە. لەسەر ئەم بنەمایە سەرهەڵدانی لیبراڵیزم بە شێوەیەکی دانەبڕاو پەیوەستە بە سەرمایەدارییەوە و لیبراڵیزم خۆی ئایدیۆلۆژیایەکی سەرمایەداریی – یان بۆرژوازییە. لایەنگرانی ئەم بۆچوونە جەخت لەسەر هاوسۆزیی لیبراڵەکان بۆ مافی موڵکایەتیی تایبەت و سەرمایەداریی پەتیی یان سەرمایەداریی ڕکابەریی ئازاد (laissez-faire)(i) دەکەنەوە.

جگە لەوەش فەیلەسووفە لیبراڵە کلاسیکییەکان (بۆ نموونە، جۆن ستیوارت میل، جێرمی بێنتام و بنیامین کۆنستانت) زیاتر جەختیان لەوە دەکردەوە کە تاکەکەس لە کۆت و بەندەکانی دەوڵەت ڕزگار بکرێن. ئەگەر تاکەکان بۆ ئارەزوو و بژاردەکانی خۆیان جێ بهێڵرێن و لە هەر دەستوەردانێکی دەوڵەت ڕزگاریان بێت، ئەوا دەتوانن بەرزترین چاکە بۆ خۆیان و کۆمەڵگە (وەک تێکڕای خواست و ئارەزووەکانی تاکەکەسەکان) بەدەست بهێنن. جێرمی بێنتام باسی ئەوەی کردووە کە ئەو داواکارییە بنەڕەتییەی

---

(i) زاراوەی (laissez-faire) لە فەڕەنسییەوە وەرگیراوە، بە واتای «با هەموو شتەکان بەو شێوەیە بچن کە دەچن»، - واتە حکومەتەکان نابێت دەستوەردان لە کاروباری ئابوورییدا بکەن، چونکە دەستوەردان کاریگەریی سیستەمی بازاڕ تێک دەدات.

سـەبارەت بـە کشـتوکاڵ و پیشەسـازیی و بازرگانیـی لـە دەوڵەتـی دەکـەن، هێنـدەی ئـەو داواکارییـە ئاقڵانـە و ماقووڵـە کـە دیۆجینیس لـە ئەسکەندەری مەکدۆنیی کردووە: «بـەری خۆرەکـەم لێ مەگرە». بـە گشـتیی داواکاریـی لیبراڵـەکان لـە دەوڵـەت ئەوەیـە دەسـتوەردان لـە کاروبـاری ئابووریـی و بـژاردە و ئارەزووەکانـی مـرۆڤ نـەکات، خەڵـک تەنـێ پێویسـتی بـە ڕێگایەکـی پارێـزراوی ئـازادە». ئەمـە گونجاوتریـن داواکارییـە کـە کۆمەڵگـە دەبـێ لـە دەوڵەتـی بیـکات(i). بـەڵام دەرکەوتـووە کـە لیبراڵیـزم خـۆی هـەر کاتێـک پێویسـت بکات، پەنـا بـۆ دەوڵـەت یـان سـەرەوەریی دەسـەڵات دەبـات بـۆ ئـەوەی دەسـتوەردان لـە بـازاڕ بکات، هـەر خۆیشـی بـە زمانێکـی داواکاریـی ئازادانـە تاکاکەسـەکان پـڕ دەکاتـەوە لـەو بـژاردە و ئارەزووانـەی وا ڕێگەیەکـی دیکەیـان نییـە جگـە لـە پەسـەندکردنیان؛ بـەم پێیـەش بەگوێـرەی خـۆی فۆرمێکـی دیکـەی دەسـەڵاتی بەسـەر تاکـەکان و کۆمەڵگـەدا سـەپاندووە. جگـە لەمانـەش دواجـار خۆییشـی چـووە خزمەتـی سیسـتەمی سـەرمایەداریی دەوڵەت-نەتـەوەوە.

لێکۆڵەرانـی ئایدیۆلۆژیـا سیاسـییەکان لیبراڵیـزم وەک ئایدیۆلۆژیایەکـی باڵادەسـتیی ئـەم قۆناغـەی مێـژوو نـاو دەبـەن، کـە چەمکـە بنەڕەتییەکانـی (ئازادیـی کار، خاوەندارێتیـی تایبـەت، ئازادیـی هەڵبـژاردن، سنووردارکردنی دەسـەڵاتی دەوڵـەت و ڕۆڵـی پێشـەنگی بـازاڕی ئازاد)ـی کـردووە بـە درووشـمی لەپێشـینەی خـۆی. ئـەم

(i)4. Шварцмантель Д. Идеология и политика / Пер. с англ. - Х.: Изд-во Гуманитарный Центр, 2009. С. 94.

چەمکانـە بـوون بـە سـەرەتا و زەمینەکـی بنەڕەتیـی بـۆ زمـان و جیهانبینیـی ئـەوەی ئەمڕۆ بە ئایدیۆلۆژیای لیبراڵیزمی سـەرمایەداریی و فۆرمـە تازەکـەی، واتـە نیۆلیبراڵیـزم نـاو دەبرێـت. بـە گشـتیی، لیبراڵیـزم «ماڵێکـی فـرەژووره»، – ئایدیۆلۆژیاکـە کـە ژمارەیەکـی زۆر نووسـخەی فکریـی، سیاسـیی، ئابووریـی و کۆمەڵایەتیـی هەیـە. ئالێـن دێ بێنـوا فەیلەسـووفی فەڕەنسـیی لـە پەڕتووکەکـە خۆیـدا «دژی لیبراڵیـزم» دەنووسـێت: «لیبراڵیـزم، بەهـۆی ئـەوەی ئەنجامـی کاری تاقـە مرۆڤێـک نییـە، هەرگیـز ڕێبـاز (دۆکترین)ـێکی یەکانگیـر نەبووە. نووسـەرانی ئـەم ڕێبازە بـە شـێوازی زۆر جیاواز و هەندێـک جـار دژواز باسـیان کـردووە. سـەرەڕای ئـەوەش، ئەوەنـدە خاڵـی هاوبەشـیان هەیـە کـە بیانکەیـن بـە بەڵگەیـەک بـۆ ئـەوەی هەموویـان وەک لیبـراڵ پۆلێـن بکەیـن. هەروەهـا ئـەم خاڵـە هاوبەشـانە وامـان لـێ دەکـەن بتوانیـن لیبراڵیـزم وەک فێرگەیەکـی تایبەتـی بیرکردنـەوەی سیاسـیی پێناسـە بکەیـن. لیبراڵیـزم، لـە لایەکـەوە، دۆکترینێکـی ئابوورییـە کـە هـەوڵ دەدات مۆدێلـی بـازاڕی خۆڕێکخـەر بکاتـە پارادایمـی هەمـوو واقیعـی کۆمەڵایەتیـی: ئـەو شـتەی بـە لیبراڵیزمـی سیاسـیی نـاو دەبرێـت، تەنـێ یەکێکـە لـە شـێوازەکانی جێبەجێکردنـی ئـەو پرەنسـیپانەی لـەم دۆکترینـە ئابوورییـەوە دەرهێنـراون بـۆ ژیانـی سیاسـیی. ڕێـک هـەر ئـەم دۆکترینـە مەیلـی ئـەوەی هەیـە، تـا دەتوانێـت، ڕۆڵ و پانتایـی سیاسـەت سـنووردار بـکات. فیتاوفیـت لـەم واتایـەدا دەتوانیـن بڵێیـن، زاراوەی «سیاسـەتی لیبـراڵ» لـە خۆیـدا پێکـدژ و ناکۆکـە. لـە لایەکـی دیکـەوە، لیبراڵیـزم دۆکترینێکـە لەسـەر ئەنترۆپۆلۆژیـای تاکگەرایـی بەنـدە، واتـە مـرۆڤ وەک بوونەوەرێـک

لـە بنەڕەتـەوە ناکۆمەڵایەتیـی دەبینێت. ئـەم دوو تایبەتمەندییـە، کـە لایەنـی وەسـفیی و پێوانەیـی (نۆرماتیڤ)ـیان هەیـە (تاکەکـەس و بـازاڕ لێـرەدا هـەم وەک ڕاسـتییەکی هەبـوو و هـەم وەک مۆدێلێـک سـەیر دەکرێـن)، ڕاسـتەوخۆ دوژمنایەتیـی ناسـنامەی دەسـتەجەمیی (بەکۆمـەڵ، کۆلێکتیـڤ) دەکـەن»(i).

## ئادەم سمیس و سەروەریی دەوڵەت

ئۆنیگێن «لۆمەی هۆمەر و تیۆکریتۆسی دەکرد؛
لێ ئادەم سمیسی دەخوێندەوە،
و ئابووریناسێکی قووڵ بوو،
واتە دەیتوانی داوەریی بکات،
چۆن دەوڵەت دەوڵەمەند دەبێت،
هەم لە سەر چ دەژی، هەم بۆچی
پێویستی بە زێڕ نییە،
کاتێک بەرهەمێکی سادەی هەیە»(ii).

(i)5. Ален де Бенуа. Против либерализма. — СПб.: Амфора. ТИД Амфора, 2009. С. 19.
(ii)6. Пушкин А. С. Евгений Онегин. Расширенная версия с комментариями и иллюстрациями. – СПб: 2015. С. 10.
دێرێک لە ڕۆمانی «یەڤگینی ئۆنێگین»ی پوشکینی شاعیر و ڕۆمانووسی ڕووسیی.

ئەو بیرمەندانەی بانگەشەی تایبەتمەندییە باشەکانی بازاڕ ئازاد و ئابووریی ئازادیان دەکرد، لیبراڵە کلاسیکییەکانی وەک ئادەم سمیس و دەیڤید ڕیکاردۆ بوون، ئەویش بەرانبەر بازرگانیی تەوەریی پاشاکان کە بەهۆی چاوچنۆکیی تا ڕادەیەکی زۆر کۆنترۆڵی ئابوورییان کردبوو و هەوڵیان دەدا بڕێکی زۆری زێڕ بە مەبەستی ئاژاوەنانەوە کۆ بکەنەوە. ئەم بیرمەندانە دەیانویست دەوڵەت دەستوەردان لە چالاکییە ئابوورییەکانی هاووڵاتییانی بەرژەوەندیخواز نەکات و لەبری ئەوە دەسەڵاتی خۆی بۆ فەراهەمکردنی ئاڵوگۆڕی ئابووریی ئازاد بەکار بهێنێت.

لە تیۆری لیبراڵدا مافی موڵکایەتیی تایبەت بەو بانگەشەیە ڕەوایەتیی پێ دەدرێت گوایە بە ئاسانکاریی بۆ ئاڵوگۆڕی دادپەروەرانە و ئازاد لە بازاڕدا چاکەی گشتیی مسۆگەر دەکات. چاکەی گشتیی، وەک تۆماس هۆبز باسی دەکات، بەهۆی کێبڕکێی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانەوە بەرهەم دێت، بەڵام لەلایەن دەوڵەتێکی بەهێزەوە سنووردار دەکرێت. ئەم ڕوانگەیە لەلایەن تیۆرزانانی لیبراڵی وەک جۆن لۆک و ئادەم سمیسیشەوە خراوەتە ڕوو، تا ئەمڕۆکەش بەردەوامە لە بانگەشەکردن. ئەمڕۆ هەرچەندە خودی ئەم بیرۆکانە لە کاتی پێویستدا بە هێزی دەوڵەت جێبەجێ دەکرێن، لێ ئارمانجی بانگەشەکە سنووردارکردنی ڕۆڵی دەوڵەتە لە بازاڕدا، ئەمەش فۆرم و قۆناغێکی دیکەی لیبراڵیزمی سەرمایدارییە و بە نیۆلیبراڵیزم ناو دەبرێت.

کارڵ مارکس لە پەڕتووکی «هەژاری فەلسەفە» (لە ساڵی

١٨٤٧) ئابووریناسە سیاسییەکانی ئینگلیز - وەک ئادەم سمیس و دەیڤید ڕیکاردۆ - بە ئابووریناسی کلاسیک ناو دەبات. هەروەها بە نوێنەری ئەو بۆرژوازییە ناویان دەبات وا هێشتا دژی پاشماوەکانی کۆمەڵگەی فیۆدالّیی خەباتی دەکرد، تەنیا هەوڵی دەدا پەیوەندییە ئابوورییەکان لە پەڵەی فیۆدالّیی پاک بکاتەوە و هێزی بەرهەمهێنان زیاد بکات و مەودایەکی نوێ بە پیشەسازیی و بازرگانیی بدات. مارکس، بە جەختکردنەوە لەسەر ئەمە، دەبێژێ، ئەرکی ئابووریناسە کلاسیکییەکان «تەنیا لە نیشاندانی چۆنییەتی بەدەستهێنانی سامان لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی بۆرژوازییدا پێک دێت، هەروەها دارشتنی ئەو پەیوەندییانە لە شێوەی پۆلێن و یاسا و سەلماندنی ئەوەی ئەم یاسا و پۆلێنانە بۆ بەرهەمهێنانی سامان زۆر گونجاوترن لە یاسا و پۆلێنەکانی کۆمەڵگەی فیۆدالّیی. لە چاوی ئەواندا هەژاریی تەنێ ئەو ئازارەیە وا هاوەڵی هەموو لەدایکبوونەکانە، چ لە سرووشت و چ لە پیشەسازییدا»(i).

بەم جۆرە ئەو ئابوورییە سیاسییەی سمیس بانگەشەی بۆ دەکرد، لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بۆرژوازی ئینگلیزیی لە تێکۆشانی دژی پاشماوەی فیۆدالّیزمدا دەگونجێت. ئەمەش ئادەم سمیس دەکات بە ئایدیۆلۆژیستێکی بۆرژوازیی ئەو قۆناغەی بۆرژوازیی هێشتا وەک چینێک هەڵدەکشا. بۆرژوازی ئینگلیزیی لەو قۆناغەدا پێویستی بە پاساوێکی تیۆریی بوو بۆ سیاسەتی بازرگانیی، کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی بکات. بۆ ئەم مەبەستەش

(i)7. Карл Маркс. Нищета философии. Ответ на «Философию нищеты» г. Прудона. (1847). Огиз. Госполитиздат. 1941. С. 106.

پێویست بوو باڵادەستی نەزمی سەرمایەدارانە بە سەر سیستەمی فیۆداڵییدا بسەلمێنرێت و هێزی بزوێنەری گەشەسەندنی ئابووریی دەستنیشان بکرێت و سەرچاوەکانی هێز و دەسەڵاتی وڵات ڕوون بکرێتەوە. کتێبی بەناوبانگی «سامانی نەتەوەکان»ی ئادەم سمیس ئەم پێویستییە بۆ بۆرژوازیی ئینگلیز دابین دەکات»(i).

بۆ ئادەم سمیس بازاڕ دەرەنجامێکی ڕاستەوخۆی دابەشکردنی کارە و کۆمەڵگەش بەپێی یاسا «سروشتییەکان»ی ژیانی ئابووریی بەڕێوە دەچێت: «هەموو کەسێک بەشداریی ئاڵوگۆڕی بازاڕ دەکات؛ بەم جۆرەش هەموو کەسێک بە شێوازی خۆی دەبێتە بازرگان، کۆمەڵگەش دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵگەی بازرگانەکان»(ii). سمیس پێی وای بوو، بازاڕ لەلایەن کردەی «دەستی نادیار»ەوە ڕێک خراوە، کە ئەمەش تاکەکەسەکان بەبێ مەبەست پێکیان هێناوە: «لە بازرگانییدا، تاکەکەس مەبەستی تەنێ قازانجی خۆیەتی و ئەو بەمە، وەک چەندان حاڵەتی دیکە، لەلایەن دەستێکی نادیارەوە بەرەو کۆتاییەک (ئامانجێک) ئاڕاستە دەکرێت کە هەرگیز بەشێک نەبووە لە مەبەستی وی»(iii). ئەم «دەستە» هانی تاکەکەسەکان دەدات کار بۆ بەرژەوەندیی و قازانجی خۆیان بکەن، هاوکات ئەم کارەش لە قازانج و خزمەتکردنی کۆمەڵگەدایە: «هەموو تاکەکەسێک بەردەوام بەدوای بەسوودترین بەگەڕخستندا دەگەڕێت بۆ ئەو سەرمایەی لەبەر دەستیدایە. ڕاستە

(i)8. Заррин П. И. Английская классическая буржуазная политическая экономия/ издательство социально-экономической литературы. – М.: 1958. С. 15.

(ii) ئادەم سمیس. سامانی نەتەوەکان. وەرگێڕانی: عەوف عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا. دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان. سلێمانی، ٢٠١٨، ل. ٤٧.

(iii) هەمان سەرچاوە، ل. ٤٣٢.

ئـەوەی دەیدۆزێتـەوە، قازانجێکـە بـۆ خـۆی، نـەک بـۆ کۆمەڵگـە؛ لـێ گرنگیدان بە قازانجی تایبەتیی بە شێوەیەکی سرووشتیی یان زیاتر، وەک پێویستییەک، پاڵی پێوە دەنێت بۆ بەگەڕخستنی ئەو سـەرمایەی باشـترین و بەسـوودترینە بۆ کۆمەڵگـە»(i).

وەک ئامـاژەی بۆ کرا، بناغـەی ئـەو سیاسـەتە ئابوورییەی سـمیس بەرگریی لێ دەکات، بریتییە لـە ئازادیی ئابووریی و دەسـتوەرنەدانی دەوڵـەت لـە ژیانـی ئابوورییدا. سـمیس دوای لێکۆڵینـەوە لە سیستـەمە جۆراوجۆرەکانـی ئابووریـی سیاسـیی، ڕوانینـی خـۆی بـەم شـێوەیە دارشـتووە: «لەبـەر ئـەوەی هەمـوو سیسـتـەمەکانی پەسـەندکردن و سـنووردارکردن سـەروبن نامێنـن، ئاشـکرایە هـەر تەنـێ سیسـتەمی ڕوون و سـادەی ئازادیـی سروشـتیی دەمێنێتـەوە. هـەر مرۆڤێـک، تـا ئـەو کاتـەی یاسـاکانی دادپەروەریـی پێشـێل نـەکات، تـەواو ئـازادە لـەوەی بەپێـی حوکمـی خـۆی بـەدوای بەرژەوەندیـی خۆیـەوە بێـت، هەروەهـا بـە پیشەسـازیی و سـەرمایەی خـۆی ڕکابەریـی لەگـەڵ ئەوانـەی کەسـانی دیکـە یـان چینێکـی دیکـە بـکات»(ii). بـەم جـۆرە، سـمیس لـە بازرگانیـی ئـازاددا شـتێکی زیاتـری دەبینـی - بـازاڕ تێربوونـی بەرژەوەندیـی هەمـوو چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵگـە لـە هەمـوو وڵاتانـدا مسـۆگەر دەکات.

سـمیس بـڕوای وا بـوو کـە بازرگانیـی ئـازاد سوودێکیشـە بـۆ کرێکاران. بـەڵام ڕاسـتییەکەی دواتر دەرکـەوت، بازرگانیی ئازاد تەنیا

---

(i) هەمان سەرچاوە، ل. ٤٣٠.

(ii) هەمان سەرچاوە، ل. ٦٥٥.

مانـای ئازادیـی سـەرمایەی بۆرژوازیـی دەدات بـۆ چەوسـاندنەوەی کرێکاران. فکری ئازادیـی کاری کرێـکاران، کـە لەلایـەن ئایدیۆلۆژیـای بۆرژوازیی و لـە نـاو تیۆرییەکانی ئابووری سیاسیی کلاسیکدا پەرەی پێ دراوە، بووەتـە یەکێک لـە بەردەکانی بناغـەی لیبراڵیزم. لیبراڵیزمیش دواتـر وەک فـۆرۆم و ڕوخسـاری سـەروەریی مۆدێرنـەی ئەورووپیـی بـە هەمـوو لایەکـی جیهانـدا بـڵاو دەبێتـەوە. مارکـس و ئەنگڵـس لـە «مانیفیسـتۆی پارتـی کۆمۆنیست»ـدا (١٨٤٨) بـە توندیـی چەمکەکانـی ئازادیی کار و تاکەکەسـی بۆرژوازیی ڕەت دەکەنەوە و دەیانبەسـتنەوە بـە پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنانـی سـەرمایەدارییەوە: «لـە کۆمەڵگـەی بۆرژوازییدا، سـەرمایە سـەربەخۆیە و خاوەنی کەسایەتییە، لە حاڵێکدا، مرۆڤـی زینـدوو بـێ کەسـایەتییە. لەناوبردنـی ئـەم بارودۆخەیـە کـە بـۆرژوازی پێـی دەڵێـت لەناوبردنـی کەسـایەتی و ئازادیـی! ڕاسـتیش دەکات، بێگومـان قسـە لەسـەر لەناوبردنـی کەسـایەتی بۆرژوایـی، سـەربەخۆی بۆرژوایی و ئازادیی بۆرژواییە! مەبەسـت لـە ئازادیی، لـە پەیوەندیی بەرهەمهێنانی سـەرمایەدارانەی ئێسـتادا، ئازادیی بازرگانیی، ئازادیی کڕین و فرۆشـتنە. بـەڵام ئەگـەر کڕیـن و فرۆشـتن لەنـاو چووە، دیـارە کڕیـن و فرۆشـتنی ئازادانـەش لەنـاو دەچێـت»(i).

سـلاڤۆی ژیـژەک لـە پەڕتووکـی ئوبێکتـی بـاڵای ئایدیۆلۆژیـادا، ئامـاژە بـەوە دەکات ئازادیـی کار سـیمپتۆمێک (دەردەنیشانە)ـیەکە، کـە مارکس لـە ڕێگەیـەوە جۆرێـک لـە قڵیش و نابەرانبەریی، جۆرێک لـە ناهاوسـەنگیی «پاتاۆلۆژییانە»ـی ئاشـکرا کـرد و گشـتەکیبوونی «مـاف

(i) کارل مارکس و فریدریک ئەنگڵس. مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست. دەزگای ئایدیا، سلیمانی، ٢٠١٦، ل. ٥٨.

و ئەرکـە» بۆرژوازییەکانـی پووچـەڵ کـردەوە. ژیـژەک دەنووسـێت: «ئازادیـی چەمکێکـی گشـتەکییە و ژمارەیـەک جـۆر دەگرێتـە خـۆی (ئازادیـی ڕادەربریـن و چاپەمەنیـی، ئازادیـی فیکـر و بیروبـاوەڕ، ئازادیی بازرگانیی، ئازادیی سیاسـیی و هتـد...)، کـە هـاوکات و بەهـۆی زەرووڕەتێکـی بنیادییـەوە، ئازادییەکـی تایبەتیـش دەگرێتـەوە (ئـازادی کرێکار بۆ فرۆشـتنی ئازادانـەی دەسـتی کاری خـۆی لـە بازاڕدا) کـە ئـەم چەمکـە گشـتەکییە هەڵدەوەشـێنێتەوە. واتـە ئازادیـی ڕێـک دژی ئازادییـە کارا و فعلییەکەیـە: کرێکار بەهـۆی فرۆشـتنی «ئازادانە»ـی دەسـتی کاری خۆیـەوە، ئـەم ئازادییـە لەدەسـت دەدات – ناوەڕۆکـی ڕاسـتەقینەی ئـەم کـردە ئازادانەیـەی فرۆشـتن بریتییـە لـە [کۆیلەکـردن] و کۆتوبەندکردنـی کرێـکار بـە سـەرمایەوە. دیـارە خاڵـە گرنگەکـە ئەوەیـە کـە ڕێـک ئـەم ئازادییـە پارادۆکسـیکاڵەیە، فۆرمـە پێچەوانەکـەی ئازادییـە، کـە بازنـەی «ئازادییـە بۆرژواییـەکان» کامـڵ دەکات»(i). لێـرەوە دەتوانیـن جەخـت لەسـەر ئـەو خاڵـە بکەینـەوە کـە ئـەو ئازادییـەی ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازیـی بانگەشـەی بـۆ دەکـرد، ئازادیـی چینـی بۆرژوازیـی و لیبراڵـی ئابووریـی سیاسـیی کلاسـیک بـوو. بـە هەمـان شـێوە ئەنارشیسـتەکانی سـەدەی نـۆزدە و دواتـر بـە توندیـی ڕەخنەیـان لـەم ئازادییـە بۆرژوازییـە گـرت.

ئێسـتا شـوێنی خۆیەتـی بزانیـن کـە بـازاڕی ئـازاد بەبـێ دەسـتوەردانی دەوڵـەت چـۆن بـەردەوام دەبێـت وا ئـادەم سـیمس و لیبراڵەکانـی دیکـە بەرگریـی لـێ دەکـەن. مایـکڵ هـارت و ئەنتۆنیـۆ نیگـری لـە پەڕتووکـی

(i) سلاڤۆی ژیژەک. ئوبێکتی باڵای ئایدۆلۆژیا، وەرگێڕانی: وەلید عومەر. کتێبفرۆشی مێخەک، سلێمانی، ٢٠١٨، ل. ٥٠ –٥١.

«ئیمپراتۆریەت»دا ئاماژە بەوە دەکەن کە لە بنچینەی تیۆری مۆدێرنی سەروەرییدا توخمێکی زۆر گرنگ و چارەنووسساز هەیە، ئەویش ناوەڕۆکێک کە فۆرمی دەسەڵاتی سەروەریی پڕ دەکاتەوە و بەردەوامیی پێ دەدات. ئەم ناوەڕۆکە بە گەشەسەندنی سەرمایەداریی و سەپاندنی بازاڕ وەک بناغەی بەهاکانی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتیی، نوێنەرایەتیی دەکرێت. هارت و نیگری جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە مۆدێرنیتەی ئەورووپیی لە سەرمایەداریی جیا ناکرێتەوە. ئەم پەیوەندییە ناوەندییەی نێوان فۆرم و ناوەڕۆکی سەروەریی مۆدێرن بە تەواویی لە کارەکانی ئادەم سمیسدا ڕەنگ دەداتەوە. سمیس بە تیۆرێکی پیشەسازیی دەست پێ دەکات کە دژایەتیی نێوان دەوڵەمەندبوونی تایبەت و بەرژەوەندیی گشتیی دەخاتە ڕوو. یەکەم سەنتێزی ئەم دوو ئاستە بە «دەستی نادیار»ی بازاڕ دەسپێردرێت. بەڵام ئەم سەنتێزە گوماناویی و بەپەلەیە. ئابووریی سیاسیی، کە وەک زانستی بەڕێوەبردن و یاسادانان تێدەگەین، گەرەکە سەنتێزەکەی خۆی زۆر زیاتر بەرەو پێشەوە ببات. پێویستە «دەستی نادیاری بازاڕ» وەک بەرهەمێکی خودی ئابووریی سیاسیی تێبگەین کە ئامانجەکەی بریتییە لە ڕەخساندنی هەلومەرجی سەربەخۆیی بازاڕ: «لەبەر ئەوەی هەموو سیستەمەکانی پەسەندکردن و سنووردارکردن سەرومڕ نامێنن، بۆیە ئاشکرایە هەر تەنێ سیستەمی ڕوون و سادەی ئازادیی سرووشتیی دەمێنێتەوە». بەڵام تەنانەت لەم حاڵەتەشدا، سەنتێزەکە بە هیچ شێوەیەک مسۆگەر و گەرەنتی نییە. لە بنەڕەتدا دەوڵەتێکی کاریگەر پێویستە بۆ ئەوەی خۆشگوزەرانیی تایبەت لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیی یەک بخات. دەوڵەت بازاڕ ڕێک دەخات یان نا، گرنگییەکی لاوەکیی هەیە؛ گرنگ ئەوەیە کە ناوەڕۆک بە

نێوەندگیریی نێوان بەرژەوەندییەکان دەدات و نوێنەرایەتیی جەمسەری ئەقڵانییەت بۆ ئەم نێوەندگیرییە دەکات. باڵابوون (ترانسیێندێنتاڵ)ـی سیاسیی دەوڵەتی مۆدێرن، وەک باڵابوونێکی ئابووریی پێناسە دەکرێت. تیۆری بەهای سمیس ڕۆح و جەوهەری چەمکی دەوڵەتی سەروەریی مۆدێرن بوو(i).

بەپێی ئەم خاڵەی هارت و نێگری، ئابووریی لەژێر کۆنترۆڵی سیاسەتی دەوڵەتی مۆدێرندایە. لێرەوە دەگەینە ئەو تێزەی کە ڕێبەر ئۆجالان بەرگریی لێ دەکات: «سەرمایەداریی ئابووریی نییە، بەڵکوو فۆرمێکی دەسەڵاتە»(ii). جگە لەوەش پێویستە ئەو خاڵە زیاد بکەین کە ئەو دانەنانی سەرمایەداریی بە ئابووریی تەنێ بە دەوڵەتەوە نابەستێتەوە، بەڵکو جەخت لەسەر ئەو خاڵەش دەکاتەوە کە هێزێک یان تاقمێکی سیاسیی ئابووریی کۆنترۆڵ دەکەن و بە هەندێک زاراوەی وەک سەرمایەداریی، سەرمایەدار و ئابووریی سەرمایەداریی ناو دەبرێت. ئەو گرووپە چوارچێوەی دەوڵەت تێدەپەڕێنێت و خۆی – ئەگەرچی ئابوورییش نییە – وەک قۆرغکارێکی دەرەکیی بەسەر ئابوورییدا دەسەپێنێت، هەروەها هەژموونێک بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنێت کە خودی دەوڵەتیش تێدەپەڕێنێت. ناوبردنی ئەو گرووپە بە «چڕبوونەوەی دەسەڵات» یان خودی «دەسەڵات» ڕاڤەیەکە تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕاستییەوە نزیک دەبێتەوە»(iii).

(i)15. Хардт М., Негри А. X 20 Империя / Пер. с англ., под ред. Г. В. Каменской, М. С. Фети сова. — М.: Праксис, 2004. С. 91 – 92.

(ii)عەبدوڵڵا ئۆجالان، مانیفیستۆی شارستانییەتی دیموکراتیک. بەرگی دووەم. شارستانییەتی سەرمایەداریی. لە تورکییەوە: لوقمان عەبدوڵڵا. چاپی چوارەم، ٢٠٢٣، ل. ١٧٤.

(iii) هەمان سەرچاوە، ل. ١٧٥ – ١٧٦.

## بازاڕی ئازاد، فۆرمی نوێی کۆڵۆنیی سەرمایەداریی و ماف لە شاردا

ساڵی ١٦٠١ کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی ئینگلیزیی چوار کەشتیی بازرگانیی بۆ ڕۆژئاوای هیند نارد و دوای نزیکەی ١٨ مانگ هەر چواریان بە بارێکەوە گەڕانەوە، کە زۆربەی بەهارات بوو. لەم قۆناغەدا سەرمایەداریی بریتیی بوو لە بەدەستهێنانی قازانج بەپێی دووریی و دەگمەنیی(i). ئیدی لە دوای ئەوەوە ئینگلیزەکان بە ئامانجی بەدەستهێنانی قازانج بە هەموو لایەکی جیهاندا دەگەڕێن. لەگەڵ ئەمەشدا بازرگانیی (یان سەرمایەداریی) و کۆڵۆنیالیزم دەبنە دووانەیەکی تەواکەری یەکتر. سمیس بە ئاماژەدان بە پێویستیی بەهێزکردنی بەرگریی، یاسای کەشتیوانیی بۆ هەناردەکردنی کاڵا لە کۆڵۆنییەکانەوە بۆ بەریتانیا بە ئیمتیازێکی قۆرغکاریی هێزی دەریایی ئینگلتەرا ناساند و بە یەکێک لە ژیرترین ڕێوشوێنەکانی زانی.

سمیس جگە لەوەی زەمینەیەک بۆ ئابووریی مۆدێرن دەڕەخسێنێت، ئاسۆی بیری لیبراڵیش دەخاتە ناو دنیابینیی بازرگانییەوە. وەک ئاماژەی بۆ کرا، ئەو بڕوای بەوە هەبوو کە دەبێت سیستەمی بازاڕ ئازاد بێت و بازرگانەکانیش لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیان بە ئازادیی بازرگانیی بکەن. لە ڕوانگەی سیمیسەوە، بازرگان نیشتیمانی نییە و دەتوانێت لە هەر وڵاتێکدا نیشتەجێ بێت. نیشتیمانی وی ئەو شوێنەیە وا تێیدا زۆرترین قازانج دەکات و دەبێتە سەرچاوەی سەرمایەی زیاتر: «بازرگان مەرج نییە هاووڵاتیی هیچ وڵاتێکی دیاریکراو بێت.

(i) جەیمس فولچەر. سەرمایەداریی، پێشەکییەکی زۆر کورت. وەرگێڕانی: بیلال ئیسماعیل حەمە. دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠٢١، ل. ٩ – ١٠.

بـە ڕادەیەکـی زۆر بـۆ وی جیاوازیـی نییـە بازرگانییەکـەی لـە کـویَ بەڕێوە دەچێت، هەروەهـا سـەرمایە و پیشەسـازییەکەی لـە وڵاتێکـەوە بۆ وڵاتێکی دیکە بگوازێتـەوە»(i).

بـازاڕی ئـازاد لـە کۆتایـی سـەدەی هـەژدەدا وردەوردە بـە ڕێگـەی کۆلۆنیاڵیزمـی بەریتانییـەوە سـەری کێشـا بـۆ ئوسـترالیا و دوڕگەکانی زەریـای هێمـن. ئیـدی جیۆگرافیـا و گەلانـی دوورتریـن شـوێنی جیهـان بەسـترانەوە بـەو تۆڕانـەی ئاڵوگـۆڕی ئابووریـی، سیاسـیی و کەلتوورییـەوە، کـە بەریتانیـا و هەندێـک دەوڵەتـی کۆلۆنیاڵیسـتی ئەورووپـا تێیانـدا باڵادەسـەت بـوون. ئەمـەش هەنگاوێکـی نـوێ بـوو بۆ پیشەسـازیی مۆدێرن و جیهانگیریی، کە بازرگانەکان لە دەرەوەی وڵاتەکانی خۆیـان بە دوای بـازاڕ و سـەرمایەدا دەگـەڕان و گوڕێکـی زیاتریـان بـە بۆرژوازیـی دا.

مارکـس و ئەنگڵـس لـە «مانیفیسـتۆی پارتـی کۆمۆنیسـت»ـدا سـەرەتای ئـەم جیهانگیرییـە نوێیە نیشـان دەدەن کە چۆن بۆرژوازیی بـە هەمـوو لایەکـی جیهانـدا هـەوڵ بـۆ سـاغکردنەوەی بەرهەمەکانـی لـە بازاڕەکانـدا دەدات: «پێویسـتیی بەردەوامـی بۆرژوازیـی بـە بـازاڕ بـۆ بەرهەمەکانـی، بـە سـەرانسـەری جیهانـدا هەڵـی دەسـووڕێنێت، دەبیَ سـەر بکێشـێت بە هەمـوو جێیەکدا، لـە هەموو شـوێنێکدا مەنزڵ بگرێت و لەگـەڵ هەمـوو لایەکدا پەیوەندیی دامەزرێنێت... بۆرژوازیی، بەهـۆی پێشـکەوتنی خێـرای هەمـوو ئامرازەکانـی بەرهەمهێنـان و ئاسـانکاریی بێکۆتایـی بـۆ پەیوەندیکـردن، هەمـوو گـەلان، تەنانـەت

(i) ئادەم سمیس. سامانی نەتەوەکان. وەرگێڕانی: عەوف عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا. دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان. سلێمانی، ٢٠١٨، ل. ٤٠٦.

بەربەریترینیش بۆ ناو شارستانیەت ڕادەکێشێت... بە کورتیی، جیهانێک بە گوێرەی وێنە و هاوشێوەی خۆی چێ دەکات»(i).

بۆچوونێک هەیە کە هەر لەو قۆناغەدا، واتە لە کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتایی سەدەی نۆزدەدا سیستەمی فیۆداڵیزم (دەرەبەگایەتیی) لە کوردستاندا گەیشتووەتە باڵاترین و دواترین قۆناغی گەشەکردنی خۆی. لەو کاتەدا سەرمایەی ئەورووپا لە چوارچێوەی دەوڵەت-نەتەوەدا بۆ ئەوەی تووشی خنکان و تەنگەبەریی نەیەت، ناچار بوو بە شوێن بازاڕی ساخکردنەوەی کەلوپەلی پیشەسازییدا بگەڕێت، ئەو بازاڕەش لە وڵاتانی تری جیهان و بە تایبەتیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (لە ناویشیدا لە کوردستاندا) دەست دەکەوت. پتر لە نیوەی کاڵای ئەورووپا لە ڕێگەی ترابزۆن – ئەرزڕۆم – تەبریز بە کوردستاندا تێپەڕیووە. لە ساڵانی ١٨٢٣ – ١٨٣٦ ئەو بازرگانییەی بە ترابزۆندا تێدەپەڕی، سێ ئەوەندی تر گەشەی سەند و گەیشتە بایی ٥٢ ملیۆن ڕۆبڵ (کە جاران بایی ٢٠ ملیۆن ڕۆبڵ بوو)(ii). ڕێگەوبانی بازرگانیی جیهانیی ڕۆڵیکی گەورەی لە گەشەکردنی ئاڵوگۆڕی کاڵاییدا هەبووە. ئاڵوگۆڕی کاڵایی، بە بنچینەی پەیوەندیی سەرمایەداریی دادەنرێت.

هەرچەندە کۆلۆنیاڵیزم ڕووخسارێکی دیار و دووبارەیە لە مێژووی مرۆڤایەتییدا، بەڵام کۆلۆنیاڵیزمی نوێ لە ڕۆژئاوای

(i) کارل مارکس و فریدریک ئەنگلس. مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست. دەزگای ئایدیا، سلیمانی، ٢٠١٦، ل. ٤١ – ٤٣.

(ii) فەرید ئەسەسەرد. گەشەکردنی سەرمایەداریی لە کوردستاندا. ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١١، ل. ٤٢.

ئەورووپادا لەتەک سەرمایەدارییدا سەری هەڵدا. کۆڵۆنیاڵیزمی نوێ تەنیا بە سەپاندنی باج و سەرانە، ساغکردنەوەی کاڵا و سامانەکان و تاڵانکردن لەو وڵاتانەی داگیری کردن، وازی نەهێنا، بەڵکوو شێوازی ئابووریی ئەو وڵاتانەی سەرلەنوێ دارِشتەوە. ئەوەش ئەو وڵاتانەی خستە ناو پەیوەندییەکی ئاڵۆز لەگەڵ یەکتر و سەری کێشا بۆ گواستنەوە (ئاڵوگۆڕ)ی سەرچاوە مرۆیی و سرووشتییەکان لە نێو وڵاتانی داگیرکەر و داگیرکراودا. کۆڵۆنیاڵیزم ئەو مامانە بووە کە یارمەتیی لەدایکبوونی سەرمایەداریی ئەورووپیی داوە(i). مارکسیزم کۆڵۆنیاڵیزم بە سەرمایەداریی ناو دەبات. وەک چۆن مۆدێرنەی ئەورووپی لە سەرمایەداریی جیا ناکرێتەوە، ئاوهاش سەرمایەداریی و کۆڵۆنیاڵیزمی ئەورووپیی لێک جیا ناکرێنەوە.

سەرمایەداریی و کۆڵۆنیاڵیزمی ئەورووپیی لە سەرهەڵدانیانەوە توانیویانە هاوشان و بە پڕکردنەوەی یەکتر ئامانجەکانیان بکەن بە یەک، ئەویش گەیشتنە بەو شوێنەی کە قازانجی تیایە و سەرچاوەی سەرمایەیە. زاراوەی کۆڵۆنیاڵیزم لە وشەی «کۆڵۆنیا» (colōnia)ی لاتینییەوە هاتووە، کە وڵاتێکە لە سەربەخۆیی بێبەشە و لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکی بیانیی «میترۆپۆلیس» (metropolis)دایە. هەروەها زاراوەی کۆڵۆنیی واتای «نشینگە» دەدات و ئاماژە بوو بۆ ئەو رۆمانیانەی وا لە وڵاتانی دیکە جێگیر بوون، بەڵام پارێزگارییان لە ناسنامەی خۆیان دەکرد. بە کورتیی، کۆڵۆنیاڵیزم

(i) ئانیا لۆمبا. کۆلۆنیاڵیزم و پۆست کۆلۆنیاڵیزم. وەرگێڕانی: عومەر عەلی غەفوور. دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٨، ل. ٢٢.

بریتییە لە داگیرکردنی خاکی کەسانی دیکە و دەستگرتن بەسەر سامانەکانیاندا. کۆلۆنیالیزم، لە هەر فۆرمێکدا بێت، ڕێبازی هێزێکی دەسەڵاتی دەرەکییە و لە خاکی کۆمەڵگەیەکی دیکەدا هەوڵ بۆ بەرژەوەندییە بازرگانیی، سیاسیی و ئابوورییەکانی خۆی دەدات. کۆلۆنیالیزم هاوشێوەی بۆرژوازیی، کۆمەڵگە داگیرکراوەکە، مارکس گوتەنیی، «بە گوێرەی وێنە و هاوشێوەی خۆی چێ دەکات». بەم شێوەیە هێزە کۆلۆنیالیستەکە پرۆسەیەکی نوێ لە گۆڕین و پێکهێنانی کۆمەڵگە کۆلۆنیکراوەکە دەست پێ دەکات، سەروەت و سامانەکەی تاڵان دەکات و ناسنامە کەلتوورییەکەشی بە پرۆسەیەک هەڵدەوەشێنێتەوە.

کۆلۆنیالکردنی شوێنێک یان خاکێکی کۆمەڵگەیەکی دیکە مەرج نییە هەمیشە بە هێزی ڕەق بێت، بەڵکوو لەمڕۆدا بە خۆگونجاندن و بە گوێرەی هەلومەرج و ئامانجەکانی سەرمایەداریی بە هێزی نەرمیش بەڕێوە دەچێت. فەیلەسووفی فەرەنسیی ئالێن دێ بێنوا لە شوێنێکدا باسی بەوە دەکات، ئەگەر ١٠ هەزار هاووڵاتی چینیی لە مۆسکۆ بژین، ئەوا ئەمە کۆلۆنییەکی چینییە لە ناوەوەی مۆسکۆدا، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەم ژمارەیە بگاتە ١٠ ملیۆن، ئەوا بە کردەنیی مۆسکۆ دەبێتە کۆلۆنییەکی چینیی. هاوشێوەی ئەم فۆرمە کۆلۆنییە لە باشووری کوردستان بە چڕوپڕیی ڕوو دەدات. لێ ئەم جارە بە فۆرم و دەموچاوێکی ناوخۆییەوە دەسەڵاتداران و سەرمایەدارانی باشووری کوردستان ڕۆڵی کۆلۆنیالیستیی دەگێڕن، بەو واتایەی کە خاک و شارەکان دەکەن بە شوێن (نشینگە)ی ئەو هاووڵاتیی و

بازرگانە بیانییانەی وا قازانجی زیاتر بۆ ئەوان دەهێنن. دەسەڵات خۆی بە کردەنیی سەرمایەدارییە و ئابووریی کۆنترۆڵ کردووە، بۆیە بۆ دەسەڵاتداران خاک یان نیشتمان تا ئەو ئەندازەیە بەهای هەیە کە جێگە و ژینگەیەکە بۆ بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی. دەسەڵات موڵکایەتیی زەوی و زاری گشتیی لە دەستی کۆمەڵگەوە دەردەهێنێت و دەیکاتە موڵکایەتیی تایبەتی سەرمایەداریی. بۆیە سەیر نییە کە سەرمایەداریی دەسەڵات هەوڵ دەدات دەست بەسەر هەموو سەرچاوە سرووشتیی و مرۆییەکان و ژیانی کۆمەڵایەتییدا بگرێت.

فراوانبوونی خێرای شارنشینیی (شارسازیی) لەم ساڵانەی دواییدا گۆڕانکاریی باوەڕپێنەکراوی لە شێوازی ژیانی خەڵکدا درووست کردووە. شار (سیتی) و گەڕەکەکان وەک قارچک لە کەناری شارە کۆنەکان و دەورووبەریان هەڵدەتۆقن. لەگەڵ ئەم ئەمەشدا ڕۆژ بە ڕۆژ بازاڕ (مۆڵ)ی بازرگانیی و فرۆشگاکان، باڕەکانی شەوانە، قومارخانەکان، ڕێستۆرانت و کافێکان، چێشتخانەکانی خواردنی خێرا (وەک ماکدۆناڵدس، KFC، بەرگەر کینگ... هتد)، شەوەئاهەنگ و هێنانی هونەرمەندانی بیانیی زیاتر دەبن. شارەکانی ئێستا تا دێت زیاتر پارچەپارچە دەبن و ڕووخسار و پێکهاتەیەکی نایەکانگیر وەردەگرن؛ گەڕەکە تازەکان وەک کۆمەڵگەیەکی دەوڵەمەند و دابڕاو لە فەزای گشتیی شار دەردەکەون، کە هەموو خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دابین کراوە، وەک خوێندنی تایبەت، باخچە و سەوزایی، یاریگای وەرزشیی، کارەبایی ٢٤ کاتژمێریی و بە پاسەوانیی مەدەنییش لە دەروازەکانەوە دەپارێزرێن. بە پێچەوانەشەوە، گەڕەکە کۆنەکان

زیاتر وەک کۆمەڵگەیەکی هەژارنشین دەردەکەون، خزمەتگوزاریی شایستەی پەروەردە و خوێندن، یاریگا، باخچە و سەوزایی، ڕێگاوبانیان بۆ دابین ناکرێت. کەواتە لەم گۆڕانکارییەدا ڕەنگە مرۆڤ بپرسێت: بۆچی ئەم شار و گەڕەکانە دروووست دەکرێن؟ کێ ئەم شارانە دروووست دەکات؟ بۆ کێ دروووست دەکرێن؟ ئایا مافی دروووستکردن و گۆڕینی شار لە خواستێکی گشتیی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت یان تاکەکەسیی؟ کێ لە شاردا مافی هەیە؟

ئەگەر وەڵامی پرسیاری «بۆچی ئەم شار و گەڕەکانە دروووست دەکرێن؟» ئەوە بێت کە دانیشتووانی باشووری کوردستان زیاد دەکات و خواستی خەڵکە یان ئاستی داراییان بەرزە، ئەوا دەکەوینە هەڵەوە، چونکە گەشەی دانیشتووانی باشوور هاوتای ئەو یەکانەی نیشتەجێبوون نییە کە دروووست دەکرێن، بۆیە زۆربەیان لەلایەن هاووڵاتییانی عەرەبەوە دەکڕدرێن و ڕیکلامی پرۆژەکانیش بە پلەی یەکەم بە زمانی عەرەبیی دەکرێن. جگە لەوەش، هەڵتۆقینی ناشرووشتیی و نائاسایی ئەم شار و گەڕەکانە ترسناکیی و بێباکیی سەرمایەداریی (بازرگانیی) لە باشووری کوردستاندا لە بەرانبەر ژیان و گوزەرانی دانیشتووانە ڕەسەنەکە دەردەخات: بە لێشاو گەنجانی باشووری کوردستان بەهۆی بێکاریی، ناسەقامگیریی و قەیرانی ئابوورییەوە وڵات جێ دەهێڵن، بەڵام لە هەمان کاتدا بە لێشاو هاووڵاتییان (عەرەب)ی ناوەڕاست و باشووری ئێراق بەهۆی خۆشگوزەرانیی و دەرفەتیی کار و بازرگانیی ڕوو لە باشووری کوردستان دەکەن و دەبنە خاوەنی کار، موڵک و ماڵ.

ئـەم گۆڕانکارییـە، لەبـەر ئـەوەی لـە دەرەوەی خواسـت و پێویسـتیی کۆمەڵگـەی باشـووورە، تەنانـەت ڕەوشـێکی سـەپێنراوە، بۆیـە هـەم فۆرمێکـی نوێـی گۆڕینـی دیمۆگرافیـای شـارەکانە و هـەم فۆرمێکـی نوێـی کۆڵۆنیـی و داگیرکردنـی ئـەم شـارانەیە وا دەسـەڵاتداران و سـەرمایەدارەکان بەڕێـوەی دەبـەن.

کەواتـە بۆچـی ئـەم شـار و گەڕەکانـە درووسـت دەکرێـن؟ دەیڤید هارڤـی لـە شـیکردنەوەی خۆیـدا بـۆ شارنشـینیی (شارسـازیی) «Urbanization» و زێدەبەرهـەم، جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە شـارەکان هـەر لـە سـەرەتاوە لـە ڕێگـەی چڕبوونـەوەی جوگرافیـی و کۆمەڵایەتیـی بەرهەمێکـی زیـادەوە سـەریان هەڵـداوە. ڕێبـەر ئۆجالانیـش لـە بـارەی پەیدابوونـی شـارەوە دەنووسـێت: «وەک هـەر ڕاسـتییەکی دیکـە، ڕوویەکـی دیکـەی شـار کـە هـەر لەگـەڵ لەدایکبوونیـەوە دەردەکەوێـت، پێکهاتنـی چینایەتیـی و پێکەوەنانـی دەوڵەتـە. بێگومـان زیادبوونـی بەرهەمهێنـان بناغـەی ماددیی پێکهاتنی چینایەتییە. <...> کاتێک بەرهەمـی پێویسـت بـەو ئاسـتە گەیشـت کـە دوو هێنـدەی خەباتکاران زێدەبەرهەم پێشکەش بکات، واتە زەمینەی ماددیی دەوڵـەت ئامادە بووە. هەرچی ئەو دیاردەیە کە بە دەوڵـەت نـاو دەبرێـت، لـە ڕاسـتییدا ئەوانـەن کـە لەسـەر زێدەبەرهـەم دەژیـن. ناوبردنـی دەوڵـەت بـە ڕێکخـراوی کۆکردنـەوەی زیـادەکان واتادارتـر دەبێـت. بـۆ ئەمـەش شـار شـوێنێکی گونجـاوە»(i). کەواتـە شارنشـینیی هەمیشـە دیاردەیەکی چینایەتیی بووە، بـەو پێیـەی زیـادە لە شـوێنێک

(i) عەبدوڵڵا ئۆجالان. مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتیی. بەرگی سێیەم. سۆسیۆلۆژیای ئازادیی. چاپی چوارەم، ٢٠٢٣، ل. ١٨٦.

یان کەسێکەوە دەرهێنراوە، لە کاتێکدا بەڕێوەبردن و دابەشکردن بە زۆریی لە چنگی ژمارەیەکی کەمی تاکەکاندایە. ئەم دۆخەش تایبەتە بە سەرمایەداریی. سەرمایەداریی وەک مارکس دەبێژێ، لەسەر گەڕانی هەمیشەیی بۆ بەهای زیادە (قازانج) وەستاوە. لێ بۆ بەرهەمهێنانی بەهای زیادە سەرمایەدارەکان دەبێت بەرهەمێکی زیادە بەرهەم بهێنن. ئەمەش بەو مانایەیە کە سەرمایەداریی هەمیشەیی ئەو بەرهەمە زیادەیە بەرهەم دەهێنێت کە شارنشینیی پێویستی پێیەتی. لێرەوە پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوان گەشەسەندنی سەرمایەداریی و شارنشینییدا سەر هەڵدەدات(i).

کەواتە ئامانج لە درووستکردنی شار و گەڕەکان لە باشووری کوردستان جگە لە کەڵەکەکردنی سەرمایە و زێدەبەرهەم لەلایەن دەسەڵاتداران و سەرمایەدارانەوە، هیچی دیکە نییە. ئەمەش بە کردەنیی بووەتە هۆی گۆڕینی پێکهاتە و گەشەی سرووشتیی جڤاک و شارەکان و تۆخکردنەوەی جیاوازیی چینایەتیی. ئەمە چڵێسیی و دەستگەیشتنی دەسەڵاتداران و سەرمایەدارەکانە بە هەموو شوێنێک لە پێناو قازانجی زیاتر و مانەوەی زیاتر - بەبێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی نەتەوە، کۆمەڵگە، زمان، کەلتوور، شار و گوند، ژینگە، ڕووبەری زەوی، زۆربوونی دانیشتووان و هتد... بە پێچەوانەوە، تەواوی ئەمانە وەک کواڵیتیی دەکرێن بە کاڵا و تەنیا لەو کاتەدا خواستیان لەسەر دەبێت کە دەسەڵاتداران و سەرمایداران دەیانخەنە ناو بازاڕی سەرمایەدارییەوە.

(i)23. Дэвид Харви. Социальная справедливость и город / перевод с английского Е. Ю. Герасимовой. – М.: Новое литературное обозрение, 2018. – С. 400.

تۆماس پیکیتی لە پەڕتووکەکەی خۆی «سەرمایە لە سەدەی بیستویەکدا» خانووبەرە و شوێنەکانی نیشتەجێبوون وەک فۆرمێکی سامان باس دەکات: «شوێنەکانی نیشتەجێبوون دەکرێت وەک هەبوویەکی سەرمایە تەماشا بکرێن کە «خزمەتگوزاریی نیشتەجێبوون» بەرهەم دەهێنێت و بەهاکەی بە کرێکەی دەپێورێت»(i). بەڵام ڕاستییەکەی، وەک دەیبین، پرۆژەکانی خانووبەرە و شوێنەکانی نیشتەجێبوون لە باشووری کوردستان، نەبوونەتە پرۆژەی «سامانی نەتەوەیی»، بەڵکوو بوون بە سەرچاوەی «سەرمایەی بەرهەمدار»ی دەسەڵاتداران و کۆمپانیاکانی خۆیان. ئەمەش پارادۆکسێکی دیکەی کارکردی سەرمایەداریی لە باشوور دەخاتە ڕوو: شوێنەکانی نیشتەجێبوون دروست دەکرێت، بەڵام زۆربەی خەڵکە ڕەسەنەکە توانای کڕین و کرێی ئەم شوێنە تازانەیان نییە. واتە ئەم پرۆژانە بۆ هەر کەسێکە جگە لەوانەی توانای کڕین و بەکرێگرتنیان نییە. ئەمەش شێوازێکی دیکەی جیاوازیی چینایەتییە لە نێوان دانیشتووانێکی ڕەسەن و هاووڵاتییانی بیانییدا – لە خاکێک، لە شارەکاندا – کە لەلایەن سەرمایەداریی دەسەڵاتەوە ڕسکاوە. شوێنێک، خاکێک دەبێتە جێگەی ئارامیی، سەقامگیریی، دڵنیایی و خۆشگوزەرانیی ژیانی هاووڵاتییانی دەرەکیی، بە پێچەوانەشەوە، دەبێتە جێگەی نائارامیی، ناسەقامگیریی، نادڵنیایی، نامۆیی، نەهامەتیی و هەڵهاتنی خەڵکە ڕەسەنەکە. ئەم پێڤاژۆیە لە هەر کاتێک زیاتر پرسی ماف

(i) تۆماس پیکیتی. سەرمایە لە سەدەی بیستویەکدا. وەرگێڕانی: بیلال ئیسماعیل حەمە. دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٨، ل. ٦٨.

لە شاردا دەکاتە ڕۆژەڤ. ئەگەر کەسێک یان هاووڵاتییەکی ڕەسەن خاوەنی موڵک و سامانی تایبەت بە خۆی نەبێت، مافی کەمترە یان هیچ مافێکی لەو خاک و شارەدا نییە و شایەنی خزمەت نییە. ماف تەنێ بۆ ئەوانەیە وا توانای بەرهەمهێنانیان هەیە یان دەبنە هاوبەشی پرۆژەی سەرمایەداریی. بە پێچەوانەوە، وەک جۆن لۆک دەبێژێ، ئەو کەسانەی موڵک و سامانیان نەبێت، بە هیچ جۆرێک وەک بەشێک لە جڤاک سەیر ناکرێن، چونکە جڤاک بریتییە لە پێکەوەژیان و پەیمانی نێوان ئەو کەسانەی سامانێکیان هەیە و ئەوانەی وڵات بەڕێوە دەبەن.

لای جۆن لۆک موڵکایەتیی تاک مافێکی سرووشتییە - کاتێک سەر هەڵدەدات کە مرۆڤەکان بە «تێکەڵکردنی کارەکانیان لەگەڵ زەوییەکدا» بەها دەئافرێنن. بەرهەمی ماندووبوونیان تەنیا هی خۆیانە. بە گوتەی هارڤی، دەرئەنجامێکی ناشرین لە تیۆری لۆکدا هەیە: ئەو کەسەی وا بەها بەرهەم ناهێنێت، ناتوانێت داوای موڵکایەتیی بکات. ئەم بیرکرنەوەش ڕەوایەتیی بەوە دا کە گەلانی ڕەسەنی ئەمریکای باکوور لەلایەن کۆلۆنیاڵیستە «بەرهەمدارەکانەوە» لە مافی خاوەندارێتی بێبەش بکرێن، چونکە خەڵکە ڕەسەنەکە بەهایان بەرهەم نەدەهێنا(i).

کەواتە، ئەوانەی بەها بەرهەم دەهێنن، مافیش لە شاردا دیاریی دەکەن. بە واتایەکی دیکە، ئەوانەی هێزیان هەیە، بڕیار

(i)25. Бишкек утопический: Сб. текстов / Сост. и ред. Г. Мамедов, О. Шаталова. – Б.: 2015. С. 37 38 –.
David Harvey. Rebel cities: From the Right to the City to the Urban Revolution. London, New York: Verso, 2012: 75 76 –.

دەدەن کە ماف چۆن بێت و بۆ کێ بێت. مارکس گوتوویەتی: لە نێوان دوو مافدا، هێز فاکتەری یەکلاکەرەرەیە. هارڤی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مافەکان لەمڕۆدا، واتە لە ژێر سایەی نیولیبرالیزمدا لە دەوری دوو لۆژیکی بالادەستی دەسەلاتدا کۆ دەبنەوە، ئەوانیش دەسەلاتی دەوڵەت بەسەر خاکدا و دەسەلاتی سەرمایەیە. [بەم جۆرە] ژیان لە سایەی نیۆلیبرالیزمدا، واتە قەبووڵکردن و ملکەچکردن بۆ ئەو کۆمەڵە مافانەی بۆ کەڵەکەی سەرمایە پێویستن، تەنانەت ئەگەر ئاکامی سیاسەتی کۆمەلایەتیی و ژینگە هەر چییەک بێت. بۆیە ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین کە مافی تاکەکەسیی قابیلی زەوتکردن نییە (ئەوەشمان لەبیر نەچێت کۆمپانیا لە بەرانبەر یاسادا بە تاک ناسراوە)، چونکە موڵک و ماڵی تایبەت و ڕێژەی قازانج هەموو چەمکەکانی دیکەی ماف تێدەپەڕێنن و قابیلی هیچ جۆرە دەستکارییەک نین کە بە بیری مرۆڤدا بێت(أ).

لێرەوە گەر مافێکی گشتیی بۆ هەمووان بخوازین و لە شار یان کۆمەڵگەدا جیاوازیی چینایەتیی نەبێت، ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە کە چ جۆرە شارێک بنیاد بنێین. وەک هارڤی دەڵێت، پرسیاری ئەوەی ئێمە پێویستمان بە چ جۆرە شارێکە، ناکرێت جیا بکرێتەوە لە پرسیاری؛ دەمانەوێت چ جۆرە مرۆڤێک بین، پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانمان چۆن بێت، پەیوەندییەکانمان لەگەڵ سرووشت چۆن بێت، ئارەزووی چ شێوازێکی ژیان بکەین، تەکنەلۆژیا چۆن بەکار بهێنین و چ بەهایەکی کەلتوورییمان هەبێت. کەواتە «مافی

(أ) دەیڤید هارڤی. کورتەیەک لە مێژووی نیۆلیبرالیزم. لە عەرەبییەوە: نەوزاد عومەر. سلێمانی، دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم، ٢٠٢٥، ل. ٤١٩ – ٤٢٠.

شار زۆر زیاترە لە مافی دەستڕاگەیشتنی تاک یان گرووپ بەو سەرچاوانەی کە شار بەرجەستەیان دەکات: مافی گۆڕین و سازکردنی شار زیاترە لە خواستی ئێمە. جگە لەوەش ئەمە مافێکی دەستەجەمعیی (کۆلێکتیڤ)ـە نەک تاکەکەسیی، بەو پێیەی ئەم گۆڕانکارییەی شار بە ناچاریی پەیوەستە بە بەکارهێنانی هێزی دەستەجەمعیی بەسەر پرۆسەکانی شارنشینییدا»(i). بۆیە درووشمی «مافی مرۆڤ» لە شاردا کە لیبراڵیزم کردوویەتی بە دەستکەلای خۆی، شکست دەهێنێت؛ ماف چ واتایەکی هەیە بۆ ئەو ملیۆنان کارگەر و زەحمەتکێشانەی کەوتوونەتە پێچی دەستاڕی سەرمایەدارییەوە و ناچارن هێزی کاری خۆیان بە کەمینەیەکی سەرمایەدار بفرۆشن، ئەگەر کڕیارێکیش نەدۆزنەوە، بە ڕادەیەک تووشی چەرمەسەریی و خەمۆکیی دەبن کە ژیانیان هیچ واتایەکی نامێنێت؟

بێبەشکردنی ماف لە شاردا خۆبەخۆ پرسی دادپەروەریی دێنێتە کایەوە. هەر بۆیە «واتای ئەرێنیی دادپەروەریی وەک وەک مافێک، هاندەرێکی بەهێز بووە بۆ بزووتنەوەی سیاسیی و هەر واش دەمێنێتەوە: خەبات دژی نادادپەروەریی، زۆر جار بزووتنەوەکانی بە ئاڕاستەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتییدا بردووە»(ii). لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، ژیژەک گوتەنی، دادپەروەریی یەکسانییەکە و لەسەر ئیرەیی بەندە: ئێمە ئیرەیی بەوی تر دەبەین کە خاوەنی شتێکە و چێژی لێ وەردەگرێت و ئێمە نیمانە: داوای دادپەروەریی، دواجار داوای سنووردارکردنی چێژی زیادەی ئەویتر دەکەین، بە جۆرێک

(i)Дэвид Харви. Социальная справедливость и город. С. 399.

(ii) دەیڤید هارڤی. کورتەیەک لە مێژووی نیۆلیبراڵیزم. ل. ٤١٧.

کـە دەبێت هەمـووان وەک یـەک دەسـتیان بگات بـە چێژدا(i). بۆیـە هەمیشـە ئەگـەری هەیـە بزووتنـەوەی کۆمەڵایەتیـی سـەر هەڵبـدەن و لەپێنـاو مافەکانیانـدا بێدەنـگ نەبـن، داوای دادپەروەریـی بکـەن و دواجـار هەوڵـی گۆڕانکاریـی یـان شـۆڕش بـدەن.

## سـەرەوەریی تاکگەرایـی (کەرتـی تایبـەت) بەسـەر کۆمەڵگـە (کەرتـی گشتیی)ـەوە

بـە گشـتیی، دەکـرێ لیبراڵیـزم وەک ئایدیۆلۆژیایـەک پێناسـە بکرێـت کـە بەهـا سـەرەکییەکەی بریتییـە لـە ئازادیـی تاکەکـەس. هەمـوو سیسـتەم و دامـەزراوە کۆمەڵایەتیـی و سیاسـییەکان بەپێـی ئـەم بەهایـە وەک پێوەرێکـی گشـتگیر هەڵدەسـەنگێندرێن. بـەڵام لەبـری ئازادیـی تاکەکـەس، تاکگەرایـی بووەتـە چەمکێکـی زاڵ و هێنـدەی نەمـاوە چەمکێـک نەهێڵێتـەوە بـە نـاوی «کۆمەڵگە»ـەوە کـە بەرگریـی لـێ بکرێـت. ئیـدی جیهانبینیـی تاکگەرایـی ناسـنامەی خـۆی لـە هەمـوو شـت و بەهایـەک دەدات و ڕووخسـاری نوێـی کۆمەڵگـەی مۆدێـرن بـە گوێـرەی بەهاکانـی خـۆی لـە قاڵـب دەدات و ڕەنگڕێـژ دەکات، بـە جۆرێـک هەرکـە نـاوی تاکەکـەس دێـت، بەهـای کۆمەڵگـە نابێـت هەبێـت. وەک چـۆن لەگـەڵ هەڵکشـانی بیـری ئابووریـی سیاسـیی نیۆلیبراڵیزمدا مارگرێـت تاچـەر سـەرۆکوەزیرانی بەریتانیـا لـە لێدوانـە بەناوبانگەکەیدا بـە ئاشـکرا وتـی: «شـتێک نییـە بـە نـاوی کۆمەڵگـە، بەڵکـوو ئـەوەی

(i) سلاڤۆی ژیژەک. چۆن لاکان بخوێنینەوە؟ وەرگێرانی: وەلید عومەر. دەزگای سـەردەم، سلێمانی، ٢٠١٥، ل. ٦٩.

هەیە، تەنیا تاکەکەسەکانن لە هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاو». یەک ئازادیی هەیە، ئەویش ئازادیی تاکەکەسە، نەک ئازادیی کۆمەڵگە. ئەمەش جۆرێکە لە داگیرکردنی کۆمەڵگە لەلایەن تاکگەرایییەوە.

چەمک و بیری تاک «تاکەکەس» (individual) مێژوویەکی دێرینی لە فەلسەفەدا هەیە، تەنانەت لەناو بەرهەمەکانی پلاتۆن و ئەرەستۆدا ئاماژەی بۆ کراوە. بە کورتیی، تاک بریتییە لە تاقە مرۆڤێک کە بوونێکی سەربەخۆ و مانادارە، خاوەنی شووناسێکە لە خۆیدا. بە واتایەکی دیکە، قسەکردن لەمەڕ مرۆڤەکان وەک تاک، واتای ئەوەیە کە ئەوان بوونەوەرێکی خۆسەر و ئۆتۆنۆمن، بەپێی خواست و هەڵبژاردنی کەسیی مامەڵە دەکەن، نەک وەک ئەندامی گرووپێکی کۆمەڵایەتیی یان جەستەیەکی دەستەجەمعیی. هەروەها تاکەکان نە تەنێ سەربەخۆن، بەڵکوو جیاواز، ناوازە و دانسقەشن. ئەمەش ئەوەیە کە زاراوەی تاکێتیی (individuality) ئاماژەی پێ دەکات(i). لە بەرانبەردا چەمکی «کۆمەڵگە» (society) هەیە و بە واتایەکی گشتیی ئاماژەیە بۆ کۆمەڵە خەڵکێک کە لە دەڤەرێکی دیاریکراودا پێکەوە نیشتەجێن. بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە هەر گرووپێکی خەڵک کۆمەڵگایەک پێک بهێنن. کۆمەڵگاکان بە شێوازی کارلێکی کۆمەڵایەتیی ڕێکوپێک تایبەتمەندن، کە ئەمەش پێشنیاری بوونی جۆرێک لە بنیادە کۆمەڵایەتییەکان دەکات. جگە لەوەش، پەیوەندییە «کۆمەڵایەتییەکان» لەسەر بنەمای جۆرێک لە هۆشیاریی یەکتر و هەندێک پێوەر هاوکاریی و هەماهەنگ پێک دێن.

(i)Andrew Heywood, Political Theory: An Introduction. Red Globe Press, 2015: 26.

لە مێژووی دەسەڵاتە سیاسییەکاندا، لە دەوڵەت-شاری گریکەوە بۆ دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی، هەمیشە بە چاوی جیاوازەوە سەیری تاک و کۆمەڵگە کراوە. هەر لە کۆنەوە، تاک ئەگەر نوێنەرایەتیی نارەزایەتیی کۆمەڵێک یان کۆمەڵگەی نەکردایە، یان بەرگریی لە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە و ژیانێکی نوێ و ئەخلاقیی نەکردایە، وەک مەترسیی بۆ دەسەڵات سەیر نەکراوە. هەر لەمەشەوە واتا و پێناسەی هەردوو چەمکی تاک و کۆمەڵگە لە نەخشەی سیاسییدا سەریانهەڵداوە. لە سەردەمی مۆدێرنیشدا، بە تایبەت لە سیستەمی سەرمایەدارییدا، لیبراڵەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە نابێت بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان بکرێنە قوربانی بەرژەوەندیی کۆمەڵ، چاکەی گشتیی، یان پاراستنی کۆمەڵگە. ئەم دەرەنجامە لەو بیرۆکەیەوە دێت کە تەنیا تاکەکەسەکان مافیان هەیە، لە کاتێکدا گرووپەکان کە تەنیا وەک کۆبوونەوەی تاکەکەسەکان بوونیان هەیە، نابێت مافیان هەبێت. پارادۆکسەکە لەوەدایە، کاتێک ئەم تاکەکەسە بەرگریی لە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵێک یان کۆمەڵگەیەک دەکات، دیسان خۆیشی نابێت مافی هەبێت و لەدەستی دەدات. بێگومان ئەمە بۆ ئازادیی تاکەکەسیش ڕاستە و هەر هێندەی ئەو مافە بڕ دەکات.

ماکس هۆرکهایمەر ئاماژە بەوە دەکات کە سوقرات پێشەنگی ڕاستەقینەی بیرۆکەی ئەبستراکتی تاکێتیی بوو، یەکەم کەس بوو کە بە ڕوونیی سەربەخۆیی تاکەکەسی دووپات کردەوە... هەڵبژاردنی هۆشیارانە بۆ سوقرات پێشمەرجێک بوو بۆ شێوازی

ژیانێکی ئەخلاقیی. بەم شێوەیە لەگەڵ دادوەرەکانی ئەسینادا، کە نوێنەرایەتیی دابونەریت و کەڵتیان دەکرد، لە ململانێدا بوو. هۆرکهایمەر دەنووسێت: ڕەنگە دادگاییکردنەکەی ئەو خاڵە لە مێژووی کەلتوورییدا دیاریی بکات کە هۆشیاریی تاکەکەسیی و دەوڵەت، ئایدیاڵ و کەتوار (واقیع)، بۆ یەکەمجار دەست دەکەن بە جیابوونەوە. ئیدی سوبێکت – بە پێچەوانەی واقیعی دەرەکیی – دەست دەکات بە بیرکردنەوە لە خۆی وەک باڵاترینی هەموو ئایدیاکان(i). بەڵام پلاتۆن یەکەم فەیلەسووف بوو کە بە شێوەیەکی سیستەماتیک هەوڵی دا فەلسەفەیەکی تاکێتیی بەگوێرەی ئایدیاڵەکانی دەوڵەت-شار (polis) بڕسکێنێت. ئەو لە کۆمارەکەیدا پرۆژەیەک بۆ هاوسەنگیی نێوان ئازادیی تاکەکەسیی و کۆنترۆڵی دەستەجەمعیی لە بەرژەوەندیی کۆمەڵدا دەخاتە ڕوو.

بەڵام سەرەتای گەشەی چەمکی تاکگەرایی (Individualism)، لە قووڵایی فەلسەفەی مۆدێرنی ڕۆژئاوادایە. تاکگەرایی تەنیا واتای باوەڕبوون بە بوونی تاکەکان نییە، بەڵکوو ئاماژەیە بۆ باوەڕبوون بە سەروەریی تاک بەسەر هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتیی یان جەستەیەکی دەستەجەمعیی. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە تاک ناوەندی هەر تیۆرێکی سیاسیی یان ڕوونکردنەوەی کۆمەڵایەتییە(ii). ڕەگەزەکانی ئەم چەمکە بە ئاشکرا لەناو تیۆرییەکانی «پەیمانی

(i)23. Макс Хоркхаймер. Затмение разума. К критике инструментального разума. М.: «Канон+» РООИ «Реабилитация», 2011. С. 152 155 –.

(ii) 24. Andrew Heywood, Political Theory: An Introduction. Red Globe Press, 2015: 26.

کۆمەڵایەتیی» لای جۆن لۆک و ئابووریی سیاسیی کلاسیکدا لای ئادەم سمیس بەدی دەکەین. لای لۆک، دەکرێ کۆمەڵگە وەک ئاکامی کردەیەکی خۆویستانەی سەرەتایی (گرێبەستی کۆمەڵایەتیی) تێبگەین، یان وەک ئەنجامی گەمەیەکی سیستەماتیکی گشتیی چالاکوانە تاکەکەسییەکان. بۆ سمیس، بەو پێیەی بازاڕ دەرئەنجامی خواست و بەرژەوەندیی تاکەکەسەکانە، تەنیا لەو ڕێگەیەشەوە کۆمەڵگە دەبێتە خاوەنی نەزمێکی ئابووریی باش و دەگات بە خۆشگوزەرانیی. لێرەوەڕا سمیس بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە ملکەچی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی تاکەکەس دەکات، خۆپەرەستیی (ئیگۆیزم) دەکاتە باشترین شێواز بۆ خزمەتی ئەوانی تر. کاتێک هەوڵ و تەقەلا بۆ زۆرترین بەرژەوەندیی خۆمان دەدەین، ئەوا نائاگاییانە و زۆرجار بەبێ ئارەزوو بۆ بەرژەوەندیی ئەوانی تر کار دەکەین.

دەیڤید ڕیکاردۆش، وەک سمیس، کۆمەڵگا وەک کۆی ئەو تاکەکەسانە دەبینێت وا خاوەنی تایبەتمەندی «سرووشتیی»، «ئەبەدیی»ـن و هەوڵ دەدات یاسا ئابوورییەکان لە سرووشتی مرۆڤەوە وەربگرێت. ئەو بەرگریی لە بازاڕی ئازاد دەکرد و خۆپەرەستیی (ئیگۆیزم) بە هێزی بزوێنەری چالاکیی ئابووریی دەزانی. ئەو بڕوای وا بوو کە توانای هەر تاکەکەسێک بە شێوەیەکی ئازادانە بۆ گەڕان بەدوای بەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆی، مەرجی تێرکردنی باشترین پێداویستییەکانی کۆمەڵگەیە.

لیبراڵیزم تاکگەرایی و بازاڕ پێکەوە گرێ دەدات و ڕایدەگەیەنێت کە کارکردی ئازادانەی دووەم ئازادیی تاکەکەسیش مسۆگەر دەکات. بازاڕ کە لەلایەن فریدریک هایکەوە وەک «کاتالاکسی» (catallaxy) پێناسە کراوە، نەزمێکی خۆڕسک (Spontaneous order) و ئەبستراکت پێک دەهێنێت و پێشمەرجەکانی ئازادیی تایبەت دەڕەخسێنێت(i). لە ڕوانگەی هایکەوە، ئازادیی ئابووریی هێزێکی سیاسیی و ئەخلاقیی بنەڕەتییە کە هەموو لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵگەیەکی ئازاد پێک دەهێنێت. ئەو پێی وا بوو، هەر نەزمێکی خۆڕسک لە بنەڕەتەکەی خۆیدا «دادپەروەرە»، هەر وەک چۆن چارلس داروین سەرکەوتووەکانی «لە ململانێ لەپێناو ژیان و مانەوەدا» بە «باشترین» دادەنا. بەم شێوەیە، نەزمی بازاڕ نەزمێکی کۆمەڵایەتیی پێک دەهێنێت کە هەر هەوڵێک بۆ چاکسازیکردنی ئەم نەزمی بازارە قەدەغە دەکات. یەکەم هەوڵ بۆ پێشخستنی تیۆری داروینیزمی کۆمەڵایەتیی لەلایەن هێربێرت سپێنسەرەوە لە پەڕتووکی «مرۆڤ بەرانبەر دەوڵەت» (١٨٨٤)دا ئەنجام درا. سپێنسەر زاراوەی «مانەوەی بەهێزەکان»ـی داهێنا، بۆ وەسفکردنی ئەو ململانێیە ناکۆتاییەی لە نێوان مرۆڤەکاندا هەیە، کە لە ڕێگەیەوە ئەوانەی باشترین خۆگونجاندیان لەگەڵ سرووشت هەیە، دەتوانن بمێننەوە و بچنە لوتکە، و ئەوانەشی کە سرووشت کەمتری پێ داون، بەرەو خوارەوە شکست دەهێنن. دەستکاریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی سرووشتیی تەنێ خزمەت بە لاوازیی جۆرەکان دەکات. ئەم بیرۆکانەش بە قووڵیی کاریگەرییان

(i)26. Ален де Бенуа. Против либерализма. – СПб.: Амфора. ТИД Амфора, 2009. С. 32.

لەســەر نیولیبراڵــە کلاســیکییەکان هەبــوو، بــە جۆرێــک زەمینەیەکــی بایۆلۆژییـان بۆ دژایەتیـی دەسـتوەردانی دەوڵـەت لـە ژیانـی ئابووریی و کۆمەڵایەتییدا پێ بەخشـی (i). ئیدی لـە کۆتایی سـەدەی نۆزدەیەمدا، داروینیســتە کۆمەڵایەتییــەکان لــە ئینگلتــەرا و ئەمریــکادا ســەرومڕ کەوتنــە بــن بانــدۆری تیــۆری پەرەســەندنی داروینــەوە، بــە تایبــەت لـە نێـو بازرگانـە دەوڵەمەندەکانـدا کـە بـەدوای پاسـاو و پشـتیووانیی «زانستیی»ـدا دەگـەڕان بۆ سـەرمایەداریی بازاڕی ئازاد. بە کورتی، شـیکاری لیبـراڵ بـۆ پرۆسـە کۆمەڵایەتییـەکان یـان لەسـەر «پەیمانـی کۆمەڵایەتیی» (لۆک)، یان لەسـەر «دەسـتی نادیار» (سـمیس)، یاخود لەســەر بیرۆکــەی نەزمــی خۆڕســک کــە ملکەچــی هیــچ مەبەســتێک نابێـت (هایـک)، دادەمەزرێـت.

لیبراڵــەکان مەیلــی ئەوەیــان هەیــە کــە مامەڵــە لەگــەڵ ئــەو کایــە کۆمەڵایەتیـی و سیاسـییەدا بکـەن وا تێیـدا بەهاکانـی تاکەکـەس پێـش بەهــا و پێوەرەکانــی کۆمەڵگــە و هــەر قەوارەیەکــی کۆمەڵایەتیــی دەکــەون. ئەمڕۆکــە ئــەوەی ڕۆڵــی هەژموونگەرایــی لەســەر ئــەم نەخشـەیەدا دەگێڕێـت، تەنێ لیبراڵیزمـە. وەک لـە سـەرەتاوە ئاماژەمـان بۆ کرد، لیبراڵیزم یەکەم ئایدیۆلۆژیای سیاسیی بوو کە لـە سـەدەی هەژدەیەمـدا سـەری هەڵـدا و لـە سـەدەی بیسـتەمدا بەسـەر هـەردوو ئایدیۆلۆژیای فاشیزم و کۆمۆنیزم و فۆرمە جیاوازەکانیاندا سەرکەوت. ئیدی ئەوانـەی لەمرۆدا نەخشـەی سیاسـیی، کۆمەڵایەتیی و ئابووریی دەکێشـن، یـان لانـی کـەم دەخـوازن بیکێشـن، هێزەکانـی ئایدیۆلۆژیـای

(i)27. Andrew Heywood, Political Theory: An Introduction. Red Globe Press, 2015: 16.

لیبراڵیزمـە. لـێ بەپێـی گوتـەی لێکۆڵەرانـی ئایدیۆلۆژیـا سیاسـییەکان، باڵادەستی لیبرالیزم لـە جیهانی مۆدێرندا لـە فۆرمێکی تایبەتدایـە، کـە جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ جۆرەکانی ئایدیۆلۆژیای لیبڕاڵدا هەیە، ئەویش ئەوەیە لـە سیاسـەتی هاوچەرخدا لیبراڵیزم بیچم و شێوەی نیۆلیبراڵیزمی گرتووە. کەواتە ئێمە، لـە ڕووی سیاسیی، ئابووریی و تەنانەت کۆمەڵایەتییەوە لـە کوێی ئـەم ئایدیۆلۆژیایەداین؟

نیۆلیبراڵیزم چەمکێکی تا ڕادەیەکی بەرفراوان و گشتییە کە ئاماژەیە بـۆ ئـەو شـێوازە ئابوورییـە یـان پارادایمـەی کـە لـە سـاڵانی ١٩٨٠دا ناوبانگی زۆری پەیدا کرد، پێشـەنگ و بزوێنـەری ئەمـەش مارگارێت تاچەر سـەرۆکوەزیرانی بەریتانیا و ڕۆناڵد ڕەیگان سـەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانـی ئەمریکا بـوون. نیۆلیبراڵیـزم، کـە لـە سـەر ئایدیاڵـی لیبراڵـی کلاسـیک، واتـە بـازاڕی خۆڕێکخـەر پاوەجـێ بـووە، خـاوەن چەندین لق و شێوازی جیاوازە. دۆکترینی نیولیبراڵیزم بە تەواویی لەگـەڵ تیۆرەکانـی دەسـتوەردانی دەوڵەتدا هـاودژە، بۆ نموونـە، وەک تیۆرەکـەی جـۆن ماینـارد کینـز کـە لـە سـاڵانی ١٩٣٠ـدا لـە وەڵامـی خەمۆکییە مەزنەکەی پاشەکشـەی ئابووریی ناوبانگی پەیدا کرد. ئەم فۆرمـە ئابووریـی و سیاسـییە سـەرپاکی پەیوەندییـە مرۆییـەکان بـۆ کایـەی پەیوەندییـە گرێبەسـتییەکانی بـازاڕ کـورت دەکاتـەوە و هـەوڵ دەدات بۆ زۆرتریـن کایـەی چالاکیی کۆمەڵایەتیی درێـژی بکاتـەوە.

لـە دوای داگیرکردنـی ئێـراق لـە سـاڵی ٢٠٠٣ـدا بـە نـاوی ئازادکردن، یەکـەم هەوڵی ولایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوە بوو سیستـەمی سیاسـیی و ئابووریی ئێراق ڕابکێشـێتە نـاو ئایدیۆلۆژیـای

هەژموونگەری نیولیبراڵیزمەوە. سەرەتا ئیدارەی بووش لە ١٩ی ئەیلوولی ٢٠٠٣دا، ئەو کاتەی پۆڵ بریمەر سەرۆکی هاوپەیمانیی کاتیی ئێراق بوو، چوار فەرمانی بۆ وڵاتە داگیرکراوەکە دەرکرد، کە بریتیی بوون لە: «بەتایبەتکردنی سەرپاکی پرۆژەکانی کەرتی گشتیی، مافی خاوەندارێتیی تەواوی کۆمپانیا بیانییەکان بۆ بازرگانیکردن لە ئێراق، گەڕەنتیکردنی گەڕاندنەوەی تەواوی قازانجی بیانیی... کردنەوەی بانکە ئێراقییەکان بە ڕووی کۆنترۆڵی دەرەکییدا، مامەڵەکردنێکی نیشتیمانیی لەگەڵ هەموو کۆمپانیا بیانییەکاندا و لابردنی نزیکەی هەموو بەربەستەکان لە بەردەم کاری بازرگانییدا»(i). ئەم فەرمانانە لەگەڵ چەندین ڕێکاری یاسایی دیکە بەسەر ئێراقدا سەپێنران. لێرەوە دەردەکەوێت هەژموونی سەرمایەداریی ئەمریکا سنوور، دەوڵەت، کۆمەڵگە، کەلتوور، نەزمی ئابووریی هیچ وڵاتێک ناناسێت، ئەوەی گرنگە دۆزینەوەی شوێنێکی دیکەیە بۆ قازانج و کەڵەکەکردنی سەرمایەی زیاتر. وەک هارڤی ئاماژەی پێ دەکات، ئەو ڕێوشوێنانەی لەلایەن بریمەرەوە گیرانە بەر، بەپێی تیۆری نیۆلیبراڵیزم بەس بوون بۆ کەڵەکەکردنی سامان. ئەمریکا بە ناوی ئازادکردنی گەلانی ئێراق سیستەمێکی ئابووریی نامۆی بەسەر وڵاتەکەدا سەپاند، ئازادییەک کە تەنێ سەرمایەدار و دەسەڵاتدارەکان بەرەکەی دەخۆن و بەرگریی لێ دەکەن. بەم جۆرە، هارڤی لەسەر گوتەیەکی ماتیۆ ئارنۆڵد ڕەخنەگری کەلتووریی ئینگلیزیی کە دەبێژێ «ئازادیی – ئەسپێکی

(i) دەیڤید هارڤی. کورتەیەک لە مێژووی نیۆلیبراڵیزم. لە عەرەبییەوە: نەوزاد عومەر. سلێمانی، دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم، ٢٠٢٥، ل. ٣٦.

نایابە بۆ سواربوون، دەتوانێت زۆر دوور بتبات، لێ پێویستە ئاڕاستەکەی بزانیت»، بە تەنزێکەوە دەنووسێت: «بریمەر داوای لە ئێراقییەکان کرد سواری ئەسپی ئازادیی خۆیان ببن بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بەرەو تەویلەی نیۆلیبراڵیزمیان ببات»(i).

گەر یەکێک لە فەرمانەکانی بریمەر «بەتایبەتکردنی سەرپاکی پرۆژەکانی کەرتی گشتیی» بێت، ئەوا لەمڕۆدا لە باشووری کوردستان بۆ هیچ کەسێک نامۆ نییە کە ڕۆژ بە ڕۆژ کەرتی تایبەت کەرتی گشتی داگیر دەکات، تەنانەت کەرتە گشتییەکان لە بەرچاوی هەمووان وەک بێبەرهەم و نابووت نیشان دەدرێن و ڕۆژانە دەپووکێنەوە و کەرتی تایبەتیان لە سەر بنیاد دەنرێت.

ڕوونە، کەرتی تایبەت بەرئەنجامی موڵکایەتیی تایبەت و بازاڕی ئازادە. بۆ ئەمەش نابێت هیچ سنوور، قۆرت، کۆت و بەندێک لە بەرانبەر خواست و بەرژەوەندییەکانی تاکەکەسدا دابنرێت، تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت کە تاک زیان بە ئازادیی کەسانی دیکە بگەیەنێت. بەڵام کاتێک هیچ کەسێک ئازادیی کەسێکی دیکە پێشێل ناکات، مانای ئەوە نییە کە نەزمێکی کۆمەڵایەتیی هاوبەش لە بەرژەوەندیی هەمووان چێ دەبێت، بەڵکوو بەهۆی بەرژەوەندیی جیاوازەوە لە نێوان تاکەکەسەکان خۆیان لە لایەک و گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتییدا لە لایەکی دیکەوە چەندین ناکۆکیی سەر هەڵدەدات کە پرسیار و گومان دەخەنە سەر ئەوەی کێ ئازادە و کام ئایدیۆلۆژیای سیاسیی بانگەشەی بۆ دەکات. ئەگەر

(i) هەمان سەرچاوە، ل. ٣٩.

بازاڕی ئازاد پێشمەرجێک بێت بۆ ئازادیی تاکەکەس، کەواتە چۆن پێشوەختە ئامانجی خودی بازاڕ بزانین؟ لیبراڵەکان بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بازاڕ زۆرترین چانس و دەرفەتی هەر تاکێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی دەڕەخسێنێت، لە کاتێکدا ناتوانرێت ئامانجی بازاڕ خۆیشی پێشوەختە دیاریی بکرێت. ئالان دێ بێنوا پرسیار دەکات: چۆن دەتوانین بێژین بازاڕ باشترین و گونجاوترین ئامانج بەدی دەهێنێت، ئەگەر نەزانین ئەم گونجاوترینە چییە؟ لە ڕاستییدا، دەتوانین بێژین، بازاڕ چەندین جار ئامانج (داواکاریی) تاکەکان زیاد دەکات، وەلێ ئامرازەکانی تێرکردنی ئەو ئامانجانەیان بۆ دابین ناکات، ئەمەش دەبێتە هۆی نەک زیادکرنی ڕەزامەندیی و تێربوون، بەڵکوو زیادکردنی ناکامیی و ناڕازیبوونیان(i). جگە لەوەش، گەر بازاڕی ئازاد پرۆسەیەکی ڕکابەریی بێت لە نێوان وڵاتان (دەوڵەتان)، بازرگانان، تاکەکان، کۆمپانیاکان و هتد...، ئەوا خودی پرۆسەکە بە ئەنجامی یەکسانیی نێوان ڕکابەرەکان کۆتایی نایەت، بەڵکوو هەمیشە ژمارەیەک ئەگەر، چانس و دەرفەت بە کراوەیی دەمێننەوە کە وا دەکەن ڕکابەرێک لە یەکێکی دیکە زیاتری لە بازاڕدا دەست بکەوێت. کەواتە گەر ئاڕاستەی بازاڕی ئازاد نەزانین، ناتوانین بیکەین بە پێودانگێک بۆ ئازادیی و مافی تاکەکان یان بۆ یەکسانیی هەموومان.

وەک دەزانین، کەرتی تایبەت یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی بۆرژوازیی. بۆرژوازییش ئەو دامەزراوانە چێ دەکات وا

(i)Ален де Бенуа. Против либерализма. – СПб.: Амфора. ТИД Амфора, 2009. С. 32

سەرمایەداریی بەرهەم دەهێننەوە. بە واتایەکی دیکە، کەرتی تایبەت ئەو بیروباوەڕانە زاڵ دەکات کە لەگەڵ سەرمایەدارییدا دەگونجێن، وەک بیروباوەڕی لیبراڵیزم و چەمکی ئەبستراکتی ئازادیی تاکەکەس، نەک ئەو بیروباوەڕانەی کە دژن. لە ئێستادا بەتایبەتکردنی کەرتی پەروەردە و خوێندن، تەندرووستیی، بازرگانیی و هۆیەکانی گواستنەوە، خزمەتگوزاریی، هەڵتۆقینی شاری تازە و شووقەنشینیی لە ناو شارە کۆنەکاندا زەقترین دیاردەن لە کۆمەڵگەدا کە دەسەڵاتداران-سەرمایەداران پەرەیان پێ دەدەن و دەیانخەنە ڕۆژەڤەوە. لەو ڕێگەشەوە هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی زەینیی تاک و کۆمەڵگە کۆنترۆڵ دەکەن. لێرەشەوە ئایدیاکان و بیروباوەڕی لیبراڵیزم خۆیان خزاندووتە نێو ژیانی تاک و کۆمەڵگە و تا دێت نایەکسانیی و نادادپەروەریی لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگەدا زیاتر دەبێت. جارجاریش لەپڕ کوڕ یان کچی بەرپرسێک لە میدیاکان دەردەکەوێت و دەبێتە ڕووخسار و پاڵەوانی پرۆژەیەکی کەرتی تایبەت، وەک ئەوەی ئەو قەیران و درزە کۆمەڵایەتییانە ئاسایی بکاتەوە کە دەسەڵاتدارە سەرمایەدارەکان خستوویانەتە ناو جەستەی کۆمەڵگەوە.

ئەم جیاوازیی و درزە کۆمەڵایەتییە بە زەقیی لە کۆمەڵگەدا دەرکەوتووە: لە لایەکەوە کۆمپانیاکانی نزیک لە دەسەڵات بە لێشاو شار و شووقە درووست دەکەن و قازانج و سەرمایەی بازرگانیی لە باشووری کوردستان هەم بۆ خۆیان و هەم بۆ چینی دەسەڵات زیاتر کەڵەکە دەکەن، لە لایەکی دیکەشەوە ڕێژەی

کـرێ و داهاتـی مانگانـەی کرێـکاران و فەرمانبـەران کەمتـر دەبـن، هەروەهـا بـازاڕی دووکانـدار و بازرگانیـی مامناوەنـد لاوازتـر دەبـن. لـە ڕاسـتییدا ئـەوەی نـاوی ئابووریـی کۆمەڵگەیـە، ئەوەیـە کـە چینـی خـوارەوە لەنـاو گێـژاوی بێکاریـی و هەژاریـی، کەمـی خزمەتگوزاریـی، چاوەڕوانیـی مووچـە و کرێـی کەمـی مانگانـە، وێرانبوونـی کەرتـی تەندرووسـتیی و پـەروەردە، خراپیـی کوالێتیـی کاڵاکان و خۆراکـدا وەک بارمتـەی دەسـەڵاتداران گرمۆڵـە بـوون. تۆمـاس پیکتـی لـە پەڕتووکـی «سـەرمایە لە سـەدەی بیستویەک»ـدا ئاماژە بەوە دەکات کـە هـەر کاتێـک قازانـج و سـەرمایەی بازرگانیـی و کۆمپانیـاکان لـە گەشـەی ئابووریـی کۆمەڵگـە زیاتـر بـوو و ڕێـژەی کـرێ و داهاتـی مانگانـە لاواز بـوو، ئـەوا بـە دڵنیاییـەوە سـامان و داهـات لـە دەسـتی کەمینـەی دەسـەڵاتدار و سـەرمایەداران کـۆ بووەتـەوە.

## سەرمایەداریی وەک دۆخی دڵەڕاوکێی بەردەوام

وەک دەبینیـن، گوتـاری ئایدیۆلۆژیـای لیبراڵیزمـی سـەرمایەداریی لە سـەر ئـەوە بیرۆکەیـە بەنـدە کـە تاکەکـەس ناوەنـدە، خـۆی دەتوانێـت خـۆی درووسـت بـکات، واتـە ئـازادە لـە هەڵبژاردنەکـەی خۆیـدا. لـە سـۆنگەی ئـەم گوتارەوە، مرۆی خۆدرووسـتکەر – کەسـێکە دەتوانێـت بەبـێ ڕەچەڵـەک و ڕیشـە بێـت، خـۆی لـەو ژینگـە و بەسـتێنەی تێیـدا لەدایـک بـووە و دەژیـت، لـە هـەر شـتێک کـە ئـەو دەکات بـەوەی لـە کەسـانی دیکـە نەچێـت، داماڵێـت. تاکەکـەس (سـوبێکت) گەرەکـە خـۆی بـژاردە و ئوبێکـت، پیشـە، ناسـنامە و تەنانـەت جێندەرەکـەی

خۆی هەڵبژێریت یان بیدۆزێتەوە. گوتاری لیبرالیزم لە ڕێگەی سەتان ناوەندی میدیایی و بازاڕەوە تاکەکانی خستووەتە ناو گێژاوی بژاردەکانەوە: «ببە بە خۆت!»، «ئەوە هەڵبژێرە کە خۆت دەتەوێت!». لەم گوتارەدا هیچ بژاردەیەک نەماوە بۆ ئەوەی تاکەکەس بەرژەوەندیی کۆمەڵە و کۆمەڵگەکەی بخاتە پێش بەرژەوەندیی خۆیەوە، یان وەک کۆمەڵەکەی بژێت. بەڵام ئەنجامی داباریني داواکارییە زۆرەکانی لیبرالیزم بەسەر سوبێکتەکاندا بەدەر نییە لە چەندین دەردەنیشانەی کلینیکیی. فەرمانەکانی گوتاری لیبرالزم بە ڕێگەی بژاردەکانەوە، ژیانی دەروونیی مرۆڤەکانی ئەم سەردەمەیان پڕ کردووە لە گرژیی، ناڕێکیی، نادڵنیایی، بێهوایی، ترس، دڵەڕاوکێ و خەمۆکیی.

گەر لە ڕوانگەی دروونشیکارییەوە بڕوانینە گوتاری لیبرالیزمی سەرمایەداریی، دەبینین دژی گەشەی سرووشتیی و بنیادەکانی گەشەی منداڵە. بەپێی ئەم گوتارە نابێت ئیگۆی تاک پشت بە بنیادە کۆمەڵایەتییەکەی ببەستێت، بەڵکوو خۆی بەرپرسیار بێت لە بڕیار، چارەنووس، بژاردە و سەرکەوتنەکانی خۆی. ئەوە لەبیر کراوە کە ئیگۆ شتێکە لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەوانی تردا پێکدێت. فرۆید گوتەنیی، ئیگۆی زارۆک لە ڕێگەی هاوشووناسبوون لەگەڵ دایباب و ئەونی تردا، کە خۆشیان دەوێت و تێری دەکەن، دروست دەبێت. سەرهەڵدانی دڵەڕاوکێ لە منداڵاندا دەکرێ بۆ یەک حاڵەت کورت بکرێتەوە، ئەویش نەبوونی کەسێکی خۆشەویستە (ئەو کەسەی تاسەی دەکەن) یان کەسێک کە جێگەی دەگرێتەوە. لێ گوتاری

لیبراڵ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هاوسۆزیی لەگەڵ ئەوانی تردا نابووت کردووە و تاکەکەسی لە ناو ئیگۆی پەتیی خۆیدا نغرۆ کردووە. لەگەڵ گەورەبووندا ئەم خۆشەویستییە بەلای ڕق و بەڵادا دەشکێتەوە، بەو پێیەی کاتێک تاکەکەس بەرپرسیاری خۆیەتی، زۆر زەحمەتە، کەسانی دیکەی خۆش بوێت، چونکە ئەوانی تر هەمیشە وەک ئاستەنگن لەبەردەم بەدیهێنانی ئارەزوو و بژاردەکانی، گوایە ڕقیان لێیەتی، دوای دەکەون و هەوڵ دەدەن ڕێگریی لێ بکەن. لەم بارودۆخەدا گوتە داخوازییە خۆنەویستییەکەی ناو نەریتی ئایینە ئاسمانییەکان - «ئەوانی ترت خۆش بوێت» وەرچەرخراوە بۆ گوتەیەکی داخوازیی خۆپەرستیی نارسیستیی - «خۆتت خۆشبوێت». لەم گوتارەدا مامەڵە و پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەوانی تردا بۆ سەوداکاریی بازرگانیی و ئاڵوگۆڕی پەتیی کاڵاکان کورت بوونەتەوە. ئەمڕۆکە تەنانەت دایک و باوکان بەپێی هەمان لۆژیکی گوتاری لیبراڵی سەرمایەداریی مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیاندا دەکەن، کە مامەڵەیەکی بازرگانییە: «ئەگەر ژوورەکەت پاک بکەیتەوە، دەتوانیت دوو کاتژمێر لە ئەنتەرنێت گەمە بکەیت». ئەمە تەنیا پێگەی لیبراڵیانەی سوبێکتیڤیتیی بەهێز دەکات.(i)

زۆریی و بۆریی و ناکۆتایی بژاردەکان هەر خۆیان بە جۆرێک لە جۆرەکان سەرچاوەی دڵەڕاوکێن. دڵەڕاوکێ دۆخێکی دەروونییە و پەیوەستە بە ئوبێکتی لەدەستچووەوە، یان ئەو کاتەیە کە

(i)سێرژ لێسور. گوتاری سەرمایەداریی و نەخۆشیی دەروونشیکاریی سەردەم. گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە، ژمارە ٤٦، بەهاری ٢٠٢٤، ل، ١٠٨.

سوبێکت (تاکەکەس) ڕووبەڕووی بژاردەکەی خۆی دەبێتەوە، ڕووبەڕووی ئەو ئۆبێکتە دەبێتەوە کە ئەگەری لەدەستدانی زیاترە لە بەدەستهێنان. بە واتایەکی دیکە، دڵەڕاوکێ کاتێک سەر هەڵدەدات کە ئیگۆ هەست بە هەڕەشەی جیابوونەوە یان لەدەستدانی شتەکان بکات. لای فرۆید، ئەو دۆخە مەترسیدارەی کە ئیگۆ لە میانەی نیرۆسی تراوماییدا کاردانەوەی بەرانبەری دەبێت، وازهێنانە لەلایەن سوپەرئیگۆی پارێزەرەوە. چەمکی دۆخی تراومایی ئاماژەیە بە لاوازیی ئیگۆی تاک. بە بڕوای فرۆید ئەو ساتە مەترسیدارانەی کە دەکرێ حاڵەتی تراوماییان لێ بکەوێتەوە، بە درێژایی ژیان دەگۆڕێن، بەڵام هەموویان هەمان تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەیە: جیابوونەوە یان دابڕان، لەدەستدانی ئۆبێکتێکی خۆشەویست، یان لەدەستدانی خۆشەویستیی ئۆبێکتێک. ئەم لەدەستدان یان جایبوونەوەیە دەکرێ بە شێوازی جۆراوجۆر ببنە هۆی کەڵەکەبوونی ئارەزووی بەدینەهاتوو و هەستکردن بە بێهاوکاریی و بێیارمەتیی.

لە گوتاری لیبراڵدا کەس نابێت بەرپرسیارێتیی کەسێکی دیکە هەڵبگرێت، چیتر سوپەرئیگۆ و سەرداره قسەکەر و قەدەغەکارەکان بەسەر تاکەکانەوە نەماون، بەڵکوو سوبێکت سەرداری خۆیەتی و گەرەکە خۆی بە سەربەخۆیی شتەکان هەڵبژێرێت. ئەم سەرداره یەکسانە بە بەکاربەرێکی ئازاد. گەلەک بیرمەند ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم بانگەشەیە بۆ ڕەسەنێتیی تاکەکەس ناچارییەکی نارسیستیی درووست دەکات، بە جۆرێک تاکەکەس بەردەوام ڕووی لە خۆیەتی،

گوێ لە خۆی دەگرێت. وەک بیونگ چوول هان جەختی لەسەر دەکاتەوە، ڕەسەنێتیی، ستراتیژێکی نیۆلیبراڵانەی بەرهەمهێنانە. ئیگۆ بۆ هەمیشە ناچارە خۆی وەک بازرگانی خود بەرهەم بهێنێت(أ). سوبێکتی لیبراڵ خۆی قەدەغەکان هەڵدەبژێرێت و ملکەچیان دەبێت. لێ ئەم قەدەغانە زیاتر هاوشێوەی ئەو وەهمانەن کە سوبێکت بۆ بەرگریی لە بیرۆکەی ئازادیی کەسیی دایاندەهێنێت.

گوتاری لیبراڵ بەردەوام داوا لە سوبێکتەکان دەکات کە زیاتر بکرن، بەرخۆر بن، زیاتر هەڵبژێرین، زیاتر چێژ وەربگرن. بەم ڕەنگە، ئەم گوتارە خۆی جێی سەردار و سوپەرئیگۆی گرتووەتەوە. سوبێکت هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەیە کە ئەم گوتارەی سەرمایەداریی چ داوایەکی لێ دەکات. مسۆگەر ئەم ئاماژەیە دڵەڕاوکێ دەهێنێت، چونکە پێویستە ملکەچی ئەو شتانە بین کە ئەوی تری گەورە (بە مانا لاکانییەکەی) لە ئێمەی دەخوازێت. بەڵام لێرەدا پرسیارێک سەر هەڵدەدات: کاتێک سوبێکت لە کار و بژاردەکانیدا سەرکەوتوو نابێت، کێ بەرپرسیارە؟ بێگومان خۆی. گلەیی لە کێ بکات؟ کێ وەڵامی بداتەوە؟ تاکە کەسێک کە وەڵام بداتەوە، تەنیا سوبێکت خۆیەتی: من شکستم هێنا، سووچی خۆمە، من نەمتوانی کارەکە بە باشیی ئەنجام بدەن، لێهاتوو نیم، لە ئاستێکی بەرزدا نیم و هتد... کەواتە ئەگەر من کارەکەم لەدەست بدەم، ئەوە خۆم سووچدارم، نەک ئەو کۆمپانیایەی دەری کردووم. ئەمە پێچەوانەی سیستەمی کۆنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، کاتێک تاکەکەس لە شتێک یان

(أ) بیونگ چوول هان. کاپیتاڵیزم و پاڵنەری مەرگ. وەرگێڕان: شالاو یاسین. سلێمانی، دەزگای ئایدیا، ساڵی ٢٠٢٥، ل. ٩٠.

هەڵبژرادنێکدا شکستی دەهێنا و تووشی ناکامیی دەبوو، دەیتوانی گلەیی لە سەردارێک بکات و بێژێ: «ئەو سووچدارە». لە ژێر باردۆخی گوتاری لیبراڵدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بێکاریگەرن و ڕۆڵییان نییە، سا بۆیە تاکەکەس (سوبێکت) ناچارە لە هەر شکستێکدا خۆی سەرزەنشت بکات. خۆسەرزەنشتکردن، ئاماژەیەکە بۆ لاوازیی ئیگۆ، بێڕیزیی بەرانبەر بە خود، نەبوونی خۆشەویستیی و گرنگیی لەلایەن ئەوانی ترەوە، کە لە ئەنجامدا سەر دەکێشێت بۆ بڕینی جەستە، چەقۆ و مووس لە خۆدان و تەنانەت هەندێک جار خۆکوژیی. سوبێکت لەم بارودۆخەدا لەناو بازنەی بەتاڵی خۆیدا گیری خواردووە و داڕووخاوە، تاکە کەسێک کە پەنای بۆ ببات، دەروونشیکار و دەروونپزیشکە. لە وڵاتانی ڕۆژئاوا خەڵکێکی زۆر بەهۆی ئەم دۆخە دڵەڕاوکێ و خەمۆکییەوە دەناڵێنن و ڕوو دەکەنە نووسینگەکانی دەروونشیکاریی و دەروونپزیشکیی.

بەم ڕەنگە، ئایدیۆلۆژیای سەرمایەداریی، لە لایەکەوە داوامان لێ دەکات دوای بژاردەکانی خۆمان بکەوین، وەک ئەوەی ڕێگە بە هەڵبژاردنی ئازادانە دەدات، وەک ئەوەی ئەمە جووڵەیەک بێت بەرەو ئازادیی و سەرکەوتنی سوبێکت؛ لە لایەکی دیکەشەوە، داوای سنووردارکردنی بژاردەمان لێ دەکات. گەر لە کارێک شکستمان هێنا، سووچی خۆمانە، دەبێ سەرزەنشت و ڕەخنەی خۆمان بکەین. گەر بژاردەکەمان ئەوە بێت کە وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی هەوڵی گۆڕانکاریی لە سیستەمی تەندرووستیی، پەروەردە، دەزگایەک، کارگەیەک و هتد... بدەین، ئەوا واتای نییە، چونکە بەپێی

سـەرمایەداریی، ڕەخنـە دەبێ هـەر لەو تاکەکانەسـانە بگریـن کە توانای کارکردنیـان نییـە و شکسـت دەهێنـن. بۆیـە سـەرمایەداریی بـەردەوام داوامـان لـێ دەکات بیـر لـە سـەرکەوتن بکەینـەوە نـەک شکسـت.

ئەمڕۆکـە زۆری بژاردە-کاڵاکان لـە بازاڕەکاندا بـوون بـە «ئەسـپی تـرۆی بـۆ گوتـاری لیبراڵـی سـەرمایداریی» کـە بـە ئاسـانیی دێنـە نـاو ماڵی سوبێکتە بەکاربەرەکانەوە، لێ دوای ماوەیەکی کەم بە دڵەڕاوکێ و خەمۆکیی تێکیـان دەشـکێنن. لـە سیسـتەمی سـەرمایەدارییدا ئەوەی لـە بـازاڕدا دەخرێتـە ڕوو، هەمیشـە وەک هیوایەکـە بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـەوەی وا لەدەسـتچووە. هـەر خـودی ئـەوەی سـوبێکت هەڵـی دەبژێرێت، گەرچی لـە ڕووکەشـەدا هەسـتی سـەرکەوتنی پـێ دەدات کـە دەتوانێـت خـۆی نـوێ بکاتـەوە و لـە کاروانـی مۆدێرنـەدا جـێ نامێنێت، بـەڵام لـە ڕاسـتییدا هەوڵێکـە بـۆ خۆدوورگرتـن لـە تراومـای ئـەو شکسـتەی لـە هەنـاوی سـوبێکتدایە. بـە گوتـەی تـۆد ماکگـوان بنیادەکانـی بەرهەمهێنـان و بەکاربردنـی سـەرمایەداریی پێویسـتیان بەوەیـە سـوبێکت بیـر لـە سـەرکەوتن بکاتـەوە نـەک شکسـت، گەرنـا ئـەم بنیادانـە لـەکار دەکـەون(أ). فەنتازیاکانـی بەدەسـتهێنانی ئوبێکتـی لەدەسـتچوو بـۆ مانـەوەی سـەرمایەداریی پێویسـتن. ئـەو ڕوونـی دەکاتـەوە کـە سـەرمایەداران بڕوایـان وایـە لـە ڕێگـەی وەبەرهێنـان لـە نێـو سیسـتەمی سـەرمایدارییدا، دەتوانـن ئوبێکتـی لەدەسـتچوو بەدەسـت بهێنـن. ئـەوان بـۆ ئـەوەی قازانجـی زیاتـر بکـەن و بگـەن بـە ئوبێکتـی ئارەزوویـان، ئاسـتی بەرهەمهێنـان زیاتـر دەکـەن، بـەڵام

(أ) تۆد مەکگوان. سوبێکت و تێربوون: بەربەستی بێسنوور. گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە، ژمارە ٤٨، پایزی ٢٠٢٤. ل. ١٣٣.

لـە کۆتاییـدا هەمـان ئـەو شـتە لەدەسـت دەدەن کـە بەدوایـدا ویڵـن. ئەمـە بـۆ بەکاربەرانـی سـەرمایەدارییش ڕاسـتە. لەبـری گـەڕان بـەدوای کەڵەکەکردنـی سـەرمایەدا، بەکاربـەر بـەدوای ئـەو کاڵایـەدا دەگەڕێـت وا ئەوپـەڕی تێربـوون دەسـتەبەر دەکات و گرێـدراوی ئوبێکتـی لەدەسـتچووەوە. ئیـدی کاڵا بـە دوای کاڵا دەکـڕن تـا بگـەن بـە تێربـوون، بـەڵام گەیشـتن بەمـە وەهمـە، چونکـە پـاش چێژێکـی بەرایـی لـە کاڵاکـە، دووچـاری تێرنەبوونـی فرەتـر دەبـن. لـە هـەردوو گۆڕەپانـی بەرهەمهێنـان و بەکاربردنـدا، سـەرمایەداریی لـە ناو لۆژیک و سـنووردارێتیی ئـەو فەنتازیایـەدا گیـر دەخـوات، گوایـە ئوبێکتـی تێرکـەر بوونـی هەیـە.

لـە کۆمەڵگـەی لیبراڵـدا هانـی سـوبێکت دەدرێـت فەنتازیـای خـۆی واقیعیـی بکاتـەوە و بـەدی بهێنێـت، گوایـە بگات بـە چێـژی ڕەهـا. وەک ئـەوەی سـوبێکت ئـەوەی ئـارەزووی دەکات، لـە واقیعـدا دەسـتبەری بکات. ئەمـەش هاندانـی دڵەڕاوکێـی واقیعییـە بـۆ ئەگـەری هێنانـەدی فەنتازیـاکان. لەخـۆڕا نییـە کـە لـە کۆمەڵگـەی مۆدێرنـدا زۆرێـک لـە فەنتازیـا پڕوپووچەکانـی سـوبێکت بـەدی دێـن، بـۆ نموونـە، گۆڕینـی ڕووخسـار و جەسـتە هەوڵێکـە بـۆ کامڵبـوون و تێربـوون. گەرچـی بەمـەش ئارەزووەکانیـان دانامرکێنـەوە، بۆیـە بـەردەوام دەبـن لـە نمایشـکردن و درخسـتنی خۆیـان بـۆ ئـەوەی دڵنیـا بـن ئایـا گۆڕینـی ڕووخسـاریان لای ئەوانـی تـر پەسـەند کـراوە یـان نـا. بـەم ڕەنگـە، سـەرکەوتن لـە بژاردەکانیانـدا دەبەسـتننەوە بـە نیگا و بڕیـاری ئەوانـی تـرەوە. لای ئـەم خەڵکانـە یـان دۆخێکـی ئاڵوودەبـوون و خووگرتنـی

هیستریی درێژە دەکێشێت، یان هەست بە شکست دەکەن. بە پێچەوانەوە، کاتێک سوبێکت درک بەوە دەکات کە هیچ بژاردەیەک یان ئوبێکتێک لە کۆمەڵگەی سەرمایەدارییدا تێربوونی تەواوەتیی بەدی ناهێنێت، ئەوکات دەتوانێت لە ڕووی دەروونییەوە لە سەرمایەداریی بێبەریی بێت. گەر سوبێکت بتوانێت بەشداربوون لە بەرهەمهێنانی بەردەوامیی سەرمایەداریی ڕەت بکاتەوە، ئەوا ئەمە سەرەتا و پێشمەرجێکە بۆ سیاسەتیی شۆڕشگێڕیی(أ). بەم جۆرەش سوبێکتی سەردەم بەرهەڵستی گوتاری چێژی ڕەها دەکات و بە سوبێکتی گوتاری لیبراڵیزم دەڵێت «نا».

## کۆمۆن لە بەرانبەر دەوڵەت و سەرمایەداریی

لیبراڵیزمی سەرمایەداریی کە لە ئاڵوگۆڕی کاڵای بازرگانیی ئازادەوە سەرچاوە وەردەگرێت، ئازادیی تاکەکەس دەکاتە هونەری کراندنەوەی کۆمەڵگە. میخایل باکۆنین لە بنەڕەتەوە ئازادیی تاکەکەسی لیبراڵیزم ڕەت دەکاتەوە و بە ئازادیی فەرمیی ناوی دەبات کە لەلایەن دەوڵەتەوە پێوانە کراوە و ڕێک خراوە – نوینەرایەتیی ئیمتیازاتی چەند کەسێک دەکات کە لەسەر کۆیلایەتیی هەموو کەسێکی دیکە وەستاون: «ئەوە ئازادیی تاک نییە، بەڵکوو خۆپەرستییە، زەبوونییە، پەرەپێدانی وەهمێکە کە قوتابخانەی ڕۆسۆ و هەموو قوتابخانەکانی دیکەی لیبراڵیزمی بۆرژوازیی بایەخی پێ دەدەن، مافەکانی تاک بە سنووردارکراوی مافەکانی

(أ) هەمان سەرچاوە، ل. ١٤٢.

دەوڵـەت دەزانێت و لـە کۆتاییشـیدا بـە پێویسـتی دەزانێت مافەکانـی تـاک بـۆ سـفر کـەم بکاتـەوە»(i).

ڕێبـەر ئۆجـالان ئـەم ئازادییـە تاکەکەسـییەی لیبراڵیـزم بـە دەرکەوتەیەکی ساختەی تاکڕەوێتیی سـەرمایەداریی دەزانێت کە لـە دژی کۆمەڵـگـە هـان دراوە، ئـەو تاکەیـە وا کۆیلـەی کرێیـە و ژیانـی بـە سـەروەریی پارەوە بەسـتراوەتەوە: «تاکڕەوێتیی سـەرمایەداریی لەسـەر بنەمـای نکۆڵیکـردن لـە کۆمەڵـگـە شـێوەی گرتـووە. لـەو بڕوایەدایـە کـە بـەو ڕادەی نکۆڵیـی لـە هـەر جـۆرە نەریـت و کەلتوورێکـی کۆمەڵـگـەی مێژوویـی بـکات، خـۆی دەئافرێنێـت. ئـەوە گەورەترین شـێواندن و چەواشـەکاریی ئایدیۆلۆژیـای لیبراڵیزمـە»(ii).

ئازادیـی لیبـراڵ بەپێـی ئـەو نەخشـەیە داڕێـژراوە وا گۆڕەپانـی سـەرمایەدارییە. لـەم گۆڕەپانـەدا ئـەو کەسـە ئـازادە کـە بەکاربـەرە، کرێکار و فەرامانبەرێکی نـاو دەزگاکانـی دەوڵـەت و دەسـەڵات یـان کۆمپانیاکانـی کەرتـی تایبەتـە، لەگـەڵ ئەوەشدا ئـەو بیرۆکانـە پەسـەند دەکات وا ڕەوایەتـی بـە بەرهەمهێنانـی سـەرمایەداریی دەدەن. لـەم گوتـارەدا ئازادیـی کۆمەڵـگـە واتـای نییـە، ئـەوەی ئـازادە، تاکەکەسـە. لـێ ئازادیی تاکەکـەس بەبێ پاڵپشـتیی کۆمەڵـگـە، تەنیـا پاشـکۆیەتییە بـۆ قۆرغکارییەکانـی ئایدیۆلۆژیـای لیبراڵیـزم. ڕێبەر ئۆجـالان دەبێژێ: «هەرچەنـدە لیبراڵیـزم وەک وشـە لـە جێگـەی ئازادبوونیـش بـەکار دەهێنرێـت، بـەڵام لـە بـواری کرداریيدا سـەلماندوویەتی کـە لـە پێنـاو پەرەسـەندنی بێسـنووری قۆرغکارییەکانـدا ئـەم نـاوەی لـە خـۆی بـار

(i) میخایل باکونین. مارکسیزم، ئازادیی و دەوڵەت. وەرگێڕانی: زاهیر باهیر. سلێمانی، چاپخانەی بینایی، ٢٠٢٥، ل. ١٢.

(ii) عەبدوڵڵا ئۆجالان. مانیفیسۆی شارستانێتی دیموکراتیی. بەرگی پێنجەم. چاپی چوارەم. ٢٠٢٣، ل. ٧١٨.

کردووە. ئەو ئازادییەی لە ڕواڵەتدا دەخرێتە ڕوو، لە بواری پراکتیکدا کۆت و زنجیرێکی ماددیی و ئایدیۆلۆژیی هەمەجۆری ئەوتۆی لێ دراوە کە تەنانەت لە مێژوو و لە ڕژێمە فیرعەونییەکانیشدا نەبینراون. هەرچی ئازادیی ڕاستەقینەیە، تەنها ئەو کاتە لەناو کۆمەڵگەیەکدا واتادار دەبێت کە بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی پاڵپشتی بکرێت. هەرچی ئەو ئازادییانەی تاکەکەسە کە پاڵپشتی کۆمەڵگەیان نییە، تەنها واتای پاشکۆیەتیی بۆ ویژدانی قۆرغکارییەکان دەبەخشن، ئەمەش گوزارشت لە دۆخێکی پێچەوانەی ڕۆحی ئازادیی دەکات»(i).

لەبەر ئەوەی لیبراڵیزم لەسەر ئازادیی تاکەکەس بەندە، دەتوانین بەوە پێناسە بکەین کە بریتییە لە ئایدیۆلۆژیای چەپاوڵگەریی سیستەمی سەرمایەداریی کە ڕۆڵی تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی ئەو کۆمەڵگە و جڤاتە سۆسیالیستییانە وازیی دەکات وا بنیادەکانیان بە چالاکیی کۆمونال و هەرەوەزیی مرۆڤ ڕاگیراون. لە بەرانبەر تاکگەرایی ئایدیۆلۆژیای لیبراڵیزمی سەرمایەدارییدا، ڕێبەر ئۆجالان گرنگیی بە تاکەکەسی نەتەوەی دیموکراتیی دەدات کە؛ «ئازادیی خۆی لە کۆمۆناڵیتەی کۆمەڵگەکەی وەردەگرێت، واتە ئازادیی خۆی لە ژیانی جڤاتە بچووک و چالاکەکان وەردەگرێت»(ii). کۆمۆن لە یەک کاتدا دوو تایبەتمەندیی بنەڕەتیی لە خۆی دەگرێت، لە لایەکەوە بە شێوەیەکی سەرەکیی دژی موڵکایەتیی تایبەتیی سەرمایەدارییە و لە لایەکی دیکەشەوە دژی موڵکایەتیی دەوڵەت دەوەستێتەوە. درووشمە بەناوبانگەکەی تۆماس مونتزەر

(i) عەبدوڵڵا ئۆجالان. مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتیی. بەرگی سێیەم. سۆسیۆلۆژیای ئازادیی. چاپی چوارەم. ٢٠٢٣، ل. ٣٨١–٣٨٢.

(ii) عەبدوڵڵا ئۆجالان. مانیفیسۆی شارستانێتی دیموکراتیی. بەرگی پێنجەم. ل. ٧١٨.

سەرکردەی جەنگی جووتیارانی ئەڵمانیا لە سەدەی شانزەدا ئەمە بوو: «گەرەکە هەموو شتێک بە کۆمۆن بێت». کۆمۆن بۆ ئەوەیە سامان و سەرچاوەکان هاوبەش بن و بۆ هەموو کەسێک بن، نەک بۆ ئاغا، سەردار و دەستە و تاقمێک یان دەسەڵات و دەوڵەتێک. بەم جۆرە کاری هەرەوەرزیی و سامانی هاوبەش کە تایبەتمەندیی سەرەکیی کۆمۆنەن، رێ بە کەڵەکەکردنی سەرمایە نادەن کە لە خاوەنداریێتی تایبەت و دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێت و دەبێتە هۆی چەوساندنەوەی مرۆڤەکان و جیاوازیی چینایەتیی.

ڕاستە لیبراڵەکان دژی فۆرمەکانی دەسەڵاتگەریی دەوەستنەوە، بەڵام بڕوایان بە بوونی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەش نییە وا بە بەها و پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەوە پەیوەستن، بەڵکوو بڕوایان بە بەرژەوەندیی و خواستە تایبەتەکان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا بە بەرگریکردن لە موڵکایەتی تایبەت و بازاڕی ئازادی سەرمایەداریی، لیبراڵیزم بوو بە خزمەتکاری بەرژەوەندیی و ئامانجەکانی دەوڵەت و دەسەڵات. کۆمۆنیش دژی نۆرم و فۆرمەکانی دەسەڵاتگەرییە، لێ هاوکات دژی ئەو فکرە لیبراڵەشە وا ڕەوایەتیی بە بەرژەوەندیی، خۆپەرەستیی و موڵکایەتیی تایبەت لە هەمبەر جڤات، کۆمەڵگە و موڵکایەتیی گشتیی دەدات. ڕێبەر ئۆجالان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو کەسەی کۆمۆنی نەبێت و بە هەرەوەرزیی نەژێت، وەک تاکەکەسیش نابێت، بەرپرسیارێتی ئەخلاقیشیی نابێت: «تاک بەرپرسیارێتیی خۆی بەرانبەر ئەو کۆمۆن و یەکینە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا ئەندامە، بە سەرەکیترین پرەنسیپی ئەخلاقیبوون دادەنێت. چونکە ئەخلاق مانای وابەستەبوون و ڕێزگرتنی جڤات و ژیانی

هەرەوەرزیی و پابەندوونە پێیانەوە. هەروەها کۆمۆن یان جڤاتیش تا ئەوپەڕی خاوەندارێتیی لە تاکەکانی دەکات، دەیانپارێزێت و ژیانیان دابین دەکات»(i). ڕێبەر ئۆجالان ئاماژە بەوە دەکات کە وەک چۆن کۆمەڵگە ئەخلاقییە، لە هەمان کاتدا دیاردەیەکی سیاسیشە. بۆیە بەرپرسیارێتیی ئەخلاقیی و سیاسیی بریتییە لە پاراستنی کۆمەڵگە وەک پێکهاتەیەکی بەرژەوەندیی و یەکێتیی هاوبەش: «یەکێتیی لە بناغەی کۆمەڵگەی ئەخلاقیی و سیاسییدایە. تاکە بەهایەک کە هیچ تاک و گرووپێک سازشی لەسەر ناکات و دەستبەرداری نابێت، سووربوونە لەسەر مانەوە بە شێوەی کۆمەڵگەی ئەخلاقیی و سیاسیی. چونکە کۆمەڵگەی ئەخلاقیی و سیاسیی تاکە مەرجی پێویستە بۆ جیاوازییەکان، ئازادیی و یەکسانیی»(ii).

هەرەوەزیی هەر خۆی لە بنەڕەتەوە پرەنسیپێکی ئەخلاقیی هەیە و تێیدا پاوانخوازیی دەسەڵات و تاکەکەسیی جێی نابێتەوە. هەرەوەرزیی پێچەوانەی سەرمایەدارییە و کار و چالاکییەکانی لە پێناو قازانجدا نییە، بەڵکوو ئەخلاقیی و سیاسیین لە پێناو چاکە و بەختەوەریی کۆمەڵگەدا. لەم ڕوانگەشەوە پرسی ئابووریی سەر هەڵدەدات کە ئایا پێویستە تایبەت و دەوڵەتیی بێت یان کۆمونالیی. ڕێبەر ئۆجالان بە گەڕانەوە بۆ ڕیشە و واتای ڕاستەقینەی وشەی ئیکۆنۆمی (ئابووریی)ی یۆنانیی، ئەو تێزەش دەسەلمێنێت کە «سەرمایەداریی ئابووریی نییە، بەڵکوو فۆرمێکی دەسەڵاتە»: «ئیکۆنۆمیی واتای «بژێویی خێزان»ـە. گوزارشت

(i) عەبدوڵڵا ئۆجالان. مانیفیسۆی شارستانێتی دیموکراتیی. بەرگی پێنجەم. ل. ٧١٨

(ii) عەبدوڵڵا ئۆجالان. مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتیی. بەرگی سێیەم. سۆسیۆلۆژیای ئازادیی. چاپی چوارەم. ٢٠٢٣. ل. ٣٨١.

لـە ڕێسـا ماددییەکانـی گوزەرانـی خێـزان، دەوروبـەر، کەرەسـتە و ماتریاڵەکانی دیکە دەکات. ئەگەر لە کۆمەڵگەی شارستاندا چەمکەکە کەمێک گشتگیرتر بکەیـن، دەشـێت وەک «ڕێسـاکانی گوزەران»ـی جڤاتـە بچووکـەکان گوزارشـتی لـێ بکرێت. ئابووریـی ئـەو ڕاسـتییە کۆمەڵایەتییەیـە کـە تەنانـەت نابێـت بیـر لـە بەتایبەتیکـردن و بەدەوڵەتیکردنـی بکرێتـەوە. سـەرەکیترین ئۆرگانـی هاوبـەش و کۆلێکتیڤیزمـی کۆمەڵگەیـە. تایبەتیکـردن و دەوڵەتیکردنـی ئابووریـی مانـای وێرانکردنـی ئۆرگانـی بنەڕەتیی کۆمەڵگەیـە»(i). جگـە لـەوەش ڕێبـەر ئۆجـالان واتـای ئابووریـی بـە کاری ماڵـەوە دەزانێت کـە کاری ژنـە و بـە دەسـتی ژن دامـەزراوە، لـە کاتێکدا لـە ژێـر هەلومەرجـی سـەرمایەداریی و دەسـەڵاتگەری پیـاو و دەوڵەتـدا لـە ڕەنـج و داهێنانەکـەی خـۆی بێبـەش دەکرێـت.

ڕێبـەر ئۆجـالان جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە پێناسـەی ماتێریاڵیزمی مێژوویی و سۆسیالیزم نابێت لەسەر شەڕی چینایەتیی بێت، وەک ئـەوەی مارکسیزم بڕوای پێیەتـی، بەڵکوو پێویسـتە ئـەم دووانـە خۆیـان بسـپێرن بـە دوالیزمـی دەوڵـەت و کۆمـۆن، واتـە ناکۆکیی و پێکدادانی دەوڵـەت و کۆمـۆن شـێوە دەدەن بـە مێژوو. لـە ڕانگـەی ڕێبـەر ئۆجالانـەوە، جیاوازیی چینایەتیی دەوڵەتـی نەهێناوەتە ئاراوە،، بەڵکوو دەوڵـەت لق و پۆپەکانی جیاوازیی چینایەتیی پەرە پێ داوە و بڵاوی کردووەتـەوە(ii). ئـەو ئامـاژە بەوەش دەکات کە هەر بەهـۆی ئـەم تیۆریـی چینایەتییـەوە سۆسـیالیزمی واقیعیی ڕووخـا، کە

(i) عەبدوڵڵا ئۆجالان. مانیفیسۆی شارستانێتی دیموکراتیی. بەرگی یەکەم. شارستانییەت. چاپی چوارەم، ۲۰۲۳. ل. ۲۲۱.

(ii) هەمان سەرچاوە، ل. ۱٥٤.

دەبووایە لە جێی شەڕی چینایەتیی، کۆمۆن دابنرایە. بەم جۆرە ڕێبەر ئۆجالان فکرێکی سیستەماتیک پێش دەخات کە ماتێریاڵیزمی مێژوویی لەسەر بنەمای دوالیزمی ئەم دوو چەمکە بنیاد دەنێت، چونکە لە بنەڕەتدا کۆمەڵگە ڕووداوێکی کۆمۆناڵە و کۆمەڵگەبوون لە کۆمۆنەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەو تیۆرییەکی سۆسیالیستیی پەرە پێ دەدات کە بە «مۆدێرنیتەی دیموکراتیی» ناوی دەبات، ئەمەش لە بەرانبەر هەرسێ پایەکەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی، واتە سەرمایەداریی، دەوڵەت–نەتەوە و پیشەسازگەرایی، سێ پایەی دیکە دەگرێتە خۆی کە پێک دێن لە مۆدێرنیتەی دیموکراتیک، کۆمۆناڵیی و شیکاری ئابووریی ئیکۆلۆژیی (ئابووریی ژینگەناسیی).

تا ئێستا ئایدیۆلۆژیای لیبراڵیزمی سەرمایەداریی وێنەی جیهانێکمان بۆ دەکێشێت کە تێیدا بە زمان و چەمکەکانی خۆی لە ئازادیی موڵکایەتیی تایبەت و خواستی ئاگرین بۆ قازانج و کەڵەکەکردنی سەرمایە لە قاڵبمان دەدات، دەخوازێت خۆی وەک باشترین و دوایین مۆدێلی ژیانی سیاسیی، ئابووریی و کۆمەڵایەتیی درێژە پێ بدات. لە بەرانبەردا هێزێکی نەفیکەر دەنگ هەڵدەبڕێت و دەڵێت «نا»، ئەویش کۆمۆنەی کۆمەڵگەی دیموکراتیی و سۆسیالیستییە، دەنگێکی ئازادیخوازە بەرانبەر دەوڵەت/دەسەڵات و سەرمایەداریی و فۆرمەکانیان. ئەو دەنگە زمانی خۆی هەیە و دەبێژێ: «سووربوون لەسەر سۆسیالیزم، سووربوونە لەسەر مرۆڤبوون».

# Freedom of society

مـجلة حـرية المجتمع،

intellectual, political, social & seasonal magazine

### لەم شوێنانە بەردەستە

**ناوەندی سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی سەروو چاخانەی شەعب-کتێبخانەی ڕەهەند جادەی مەولەوی-کۆشکی سەرا بەردەرکی سەرا-کتێبخانەی گۆران بەردەرکی سەرا-کۆشکی ڕێبین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی کۆژین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی سەلمان بەردەرکی سەرا-کۆشکی مەلاموحسین تەنیشت ڕەشە مۆڵ-کۆشکی سەرچنار ناو بازاڕی سەرچنار-کتێبخانەی ڕۆمان تەلاری سیروانی نوێ-کتێبخانەی وشە جادەی مەولەوی). **قەزاو ناحیەکانی سلێمانی** (ڕانیە-کتێبخانەی ئەحمەد کۆی-قەڵادزێ-کتێبخانەی ژین-چوارقوڕنە-کتێبخانەی ڕەهەند-کۆیە-کتێبخانەی هەژار-کۆیە-کتێبخانەی دیاری-کۆیە-کتێبخانەی باواجی-چەمچەماڵ- چاپەمەنی و پەڕاوگەی تنۆک-دەربەندیخان-کتێبخانەی ڕەسەن-کەلار-کتێبخانەی شار). **پارێزگای هەڵەبجە** (هەڵەبجەی شەهید-کتێبخانەی هەژار موکریانی- هەڵەبجەی شەهید-پەڕاوگەی شادی-سەید سادق-کتێبخانەی بێخود). **کەرکووک** (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ جادەی کۆماری). **هەولێر** (کتێبخانەی ئاشتی داون تاون نهۆمی دووەم-کۆشکی ئاشتی شێخەلا-کۆشکی میدیا (بەهجەت) بەرانبەر داون تاون-کۆشکی نیشتمان بەرانبەر داون تاون -کۆشکی باخی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ-کۆشکی سیروان تەنیش چاخانەی مچکۆ-کتێبخانەی سۆران بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی مەحوی بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا-کتێبخانەی مەموزین بازاڕی داون تاون نهۆمی دووەم-کتێبخانەی ئەمازۆن ڕێگەی کەرکووک-کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرانبەر سوپەرمارکێتی ئایە نێوان ٦٠ مەتری ٤٠ م). **دەرەوەی شار** (کتێبخانەی هاوژین لە هەریر-کتێبخانەی مێخەک لە سۆران-کتێبخانەی شێرکۆ لە ڕواندز). **دهۆک** (کتێبخانەی نۆرسین).

www.KOMELGE.com